محەمەد فاتیح

# پانۆرامای بەهاری عەرەب

## لەتونسەوە تا بەحرەین

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی - ٢٠١٣

## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

دامەزراوەیەكی كەلتورییە بەپێی بڕیاری كۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دامەزراوە، ئەركەكەی بریتییە لە دەستەبەركردنی پێداویستییەكانی هۆشیاركردنەوەی سیاسی، فراوان كردنی چوارچێوەكانی رۆشنبیریی گشتی، تۆكمەكردنی بەهاكانی دیموكراسیو مافی مرۆڤ و دادی كۆمەڵایەتی لەكۆمەڵدا، تاوتوێ كردنی مەسەلەكانی بیری هاوچەرخو دابین كردنی كەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی كادیران لەبوارە هەمەجۆرەكاندا.

پانۆرامای بەهاری عەرەب لەتونسەوە تا بەحرەین
نووسینی: محەمەد فاتیح
بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی كادیران ـ سلێمانی ـ ٢٠١٣
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان (١٤٠٢) ساڵی ٢٠١٣
چاپی یەكەم ـ ٢٠١٣
دیزاینو بەرگ: بڕوا عوسمان
تیراژ: ( ٢٠٠٠ ) دانە
زنجیرە: (٥١٥)

www. pukhoshiari. com
info@pukhoshiari. com

سەرپەرشتیاری زنجیرەی كتێب
عوسمان حەمەرەشید گورون

# بابەتەکان


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ........................................ | ٤ |
| ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی وڵاتانی عەرەب ........................ | ٦ |
| ا ـ رابردوویەکی مێژوویی ........................................ | ٦ |
| ب ـ هۆکارەکان ........................................ | ١٢ |
| ج ـ خاسیەتەکانی ........................................ | ١٦ |
| دـ دەرئەنجامەکانی ........................................ | ١٨ |
| بەشی دووەم | |
| دیاردەو ڕووداوەکان لەچەند وڵاتێکی عەرەبی | |
| ا ـ تونس ........................................ | ٢٢ |
| ب ـ میسر ........................................ | ٣٠ |
| ج ـ لیبیا ........................................ | ٤٢ |
| د ـ بەحرەین ........................................ | ٤٩ |
| سەرچاوەکان ........................................ | ٥٦ |

## پێشەکی

لەسـەرەتای سەدەی بیسـتو یەکـدا، وڵاتانـی عەرەبـی بـەرەو رووی روداوو دیـاردەی نـوێ لەشـێوازو بەڕێوەبـردن، لەئەکتـەرو کەسـەکان، لەبیـرو بـاوەڕو ئامانجـەکان، لـە رەفتـارو پەیوەندییـەکان، بۆتـەوە.
ئـەو دیـاردەو رووداوانـە، لەزۆربـەی شـارو ناوچەکانـی ئـەو وڵاتانـە (لەگـەڵ جیـاوازی لەسیسـتمی سیاسـی، بارودۆخـی ئابـووری، کلتـورو ئایدیۆلۆژیـا)، ئایا ئاماژەیـە بـۆ کـەمو کورتـی لەژیانـی کۆمەڵگـە، بـۆ تێکچوونـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، بـۆ بـێ توانایـیو چەقبەسـتوویی سیسـتمە سیاسـیەکەی! یـا رەنگـە هەمـوو بـوارەکان بێـت؟
ئـەو راپەڕینـە جەماوەرییـە فراوانانـە هەڵگـری چ ئایدیۆلۆژیایەکـەن؟ کـێ ئاراسـتەو سـەرکردایەتی دەکات؟ ئامانجەکانیـان، داواکاری سیاسـییە، گەیشـتنە بـە دەسـەڵات، گۆڕانـە لەژیانـی کۆمەڵگـە؟
لێکۆڵینـەوەو نووسـین دەربـارەی ئـەم بابەتـە کارێکـی ئاسـان نییـە، بەتایبەتـی هێشـتا دەرەنجامەکانیـان بەتەواوەتـی روون نەبۆتـەوە، مەرجەعیەتـی دیارنیـە، زۆر لـە رەهەنـدە سیاسـیو کۆمەڵایەتییەکانـی چ لەسـەر ئاسـتی ناوخۆبێـت یـان دەرەکـی، شـاراوەن.
ئەگـەر بمانەوێـت پێناسـەی ئـەو بزوتنـەوە جەماوەریانـە بکەیـن، دەڵێیـن بریتیـن لـە جۆرێـک ناڕەزایـی دەربڕیـن، کـە چەنـد هـۆکارو ئامرازێکـی نوێـی هەیـە، ناڕازیـن دژ بـەو گوشـارە زۆرەی بەسـەریاندا سـەپێنراوە، یـان ئـەو پێـچو پەنایانـەی دەسـەڵات بەکاریـان دەهێنـێ.
ئەوانـەی بـەو چالاکیـە جەماوەریانـە هەڵدەسـتن، لەهەمـوو چیـنو توێژەکانـی کۆمەڵگـە بەشـدارییان تیـادا کـردووە، وابەسـتەی هیـچ چوارچێوەیەکـی حزبـی نیـن، ئامانجـی فرەلایـەنو گشـتییان هەیـە. ئـەم بزوتنـەوە جەماوەریانـە، کـە لەزۆربـەی وڵاتانـی عـەرەب سـەریان هەڵـداوەو

بڵاوبوونەتــەوە، چەنــد هۆکارێکیــان هەیــە، گرنگترینیــان:[١]

١. ئــەو قەیرانــە ئابــووری کۆمەڵایەتییانــەی تووشــی کۆمەڵگاکانــی ناوچەکــە بونــە.

٢. ئەو هەڵچونــە دیموکراسیەی رووی لەجیهــان کــردووە، بــەڵام لــە وڵاتانــی عەرەبــی بــە دەنگــەوە هاتنــی کەمــی بــۆ کــراوە.

٣. کێشــە سیاســیەکان لەوڵاتانــی عــەرەب‌و دەرەنجامەکانــی، وەک کێشــەی فەلەســتین، داگیرکردنــی عێــراق، پەیوەندییــە هەرێمایەتــی‌و نێــو دەوڵەتیــەکان. ئــەو رووداوانــە جوڵەیــان لەشــەقامی عەرەبیــدا دروســت کــردووە.

٤. گــۆڕان لەبەرنامــەی کۆمەڵگــەی مەدەنــی، لەبەرنامەیەکــی خزمەتگوزارییــەوە بــۆ بەرنامەیــەک کــە گەلانــی عــەرەب بتوانــن بەرگــری لەمافەکانیــان بکــەن.

ئــەم رووداوانــەی ناوچــەی عەرەبــی، پێویســت بــەوە دەکات لێکۆڵینــەوەی قووڵــی لەســەر بکرێــت، بێگومــان ئەنجام‌و دەرهاوێشــتەکانی ســنووری خــۆی تێپــەڕ دەکات‌و دەوروپشــتی پێــی کاریگــەر دەبــن. ئــەم باســەی لەبەردەســتە بەکورتــی، دابــەش کراوەتــە ســەر دوو بەشــی ســەرەکی، لەبەشــی یەکــەم، بەشــێوەیەکی گشــتی بــاس لەبارودۆخــی ناوچــەی عــەرەب دەکرێــت، هەروەهــا هۆکارەکانــی ئــەو راپەڕینــە جەماوەرییانــە لەگــەڵ خەســڵەت‌و میکانیزمــی بەڕێوەچوونــی.

لەبەشــی دووەمــی، بــاس لەرووداوەکانــی چەنــد وڵاتێــک دەکرێــت بەتایبەتــی وەک: لیبیــا، میســر، بەحرەیــن‌و تایبەتمەنــدی هەریەکەیــان دەخەینــە روو. دیــارە هیــچ باســێک بــێ کەم‌وکورتــی نابــێ لەبــەر زۆر هــۆکار، هیــوادارم روویەکــی دیاردەکانــم خســتبێتە روو.

**لەگەڵ رێزم**

بەشی یەکەم

# ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی جیهانی عەرەبی

- ڕابردووی مێژوویی
- هۆکارەکانیان
- خەسڵەتەکانیان
- دەرەنجامەکانیان

**یەکەم:**

## دیدێکی گشتی بۆ بارودۆخی وڵاتانی عەرەبی

زیاتـر لەنیـو سـەدە تێپـەڕ دەبـێ لەزۆربـەی وڵاتانـی عـەرەب چەنـد رژێمێـک خۆیـان بەسـەر دەسـەڵاتدا سـەپاندووە، هـەروەک دەبینیـن لـە (میسـر، تونـس، لیبیـا، جەزائیـر، سـوریا، مەغریـب، ئـوردن، یەمـەن، عێراقـی (پێـش ۲۰۰۳) هەریەکـە لـەو رژێمانـە، بەپێـی هەلومەرجـی تایبەتـی خـۆی، کاری بـۆ سـەپاندنی جـۆرە کلتورێـک کـردووە، کـە زاڵ بێـت بەسـەر کلتورێکـی دیکـە، هەروەهـا پێکهێنانـی ئایدۆلۆژیایـەک کـە توانـای پارێزگاریکـردنو بەدیهێنانـی بەرژەوەندیـە تایبەتیەکانـی ئـەو رژێمـەی هەبێ، سـەرەڕای بونیادنانـی شـێوازێک لەحکومڕانـی کـە دەسـەڵاتو توانـای بەردەوامبوونـی هەبێـت، هەروەهـا جێـگای مەترسـیو هەڕەشـەکردنی جەمـاوەرو بەرژەوەندییـە نیشـتیمانیو نەتەوەییەکانـی نەبێت.[٢] ئـەو رژێمانـە لەئاسـت رووداو گۆڕانکارییـە خێـراو فراوانەکانی سـەر رووی زەوی، چـاوی خۆیـان داپۆشـیبوو، ئـەو گۆڕانکاریانـەی لەروسـیاوو کۆمارەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەتی (پێشـو) و تـا دەگاتـە دەوڵەتانـی ئەوروپـای رۆژهـەڵاتو ئـەو سیسـتمە سـەربازیانەی کـە لەئاسـیاو ئەفریقیـاو ئەمریـکای باشـور رویانـداوە.

گەلانـی عـەرەب بەهـۆی ئـەو بارودۆخـە سیاسـیو کۆمەڵایەتییـە نەریتگەریـەی تیایـدا ژیـاون، هەروەهـا بەهـۆی ئـەو کلتـورەی کـە رژێمەکانیـان سـەپاندویانە بەسـەریاندا، توشـی دواکەوتـن هاتـوون لەگەیشـتن بـە کاروانـی کۆمەڵگـەی جیهانـی، دیـارە دەرەنجامەکانـی ئـەو دیاردەیـەش، درێژەپێدانـی ئـەو رژێمانـە بـووە لەحکومڕانیـدا، لەگـەڵ

هەوڵەکانیـان بـۆ دامەزراندنـی دەزگا ئەمنـیو چەوسـێنەرەکانیانو دورکەوتنـەوەو دورخسـتنەوەی گەلانیـان لەهیـواو ئاواتەکانـی ئـازادیو پێشـکەوتن.

ڕژێمـەکان لەوڵاتانـی عەرەبـی، لەسـەر ڕێبـازی چەوسـاندنەوەو ڕێگرتـن لەئازادیەکانـی بـەردەوام بوونـە، قەدەغەکردنـی هـەر بیروڕایەکـی جیـاواز خەسڵەتی بـاوی بـووە، لـەو ژینگانـەدا ئـەم کارە لەلایـەن دوو دەسـەڵاتەوە ئەنجـام دەدرێـت: یەکێکیـان دەسـەڵاتی فەرمـی نادیموکراسـە، ئـەوی دووەمیـان دەسـەڵاتی داب‌ونەریتـی خێڵەکـیو شـاراوەی ژێـر پـەردەی ئاینـە.

لەخەسـڵەتەکانی ئـەم ڕژێمـە عەرەبیانـی پێدانـی دەسـەڵاتی زۆر بـە سـەرۆکی دەوڵـەت، دەسـەڵاتی دەسـتوری فـراوان، ئەمـە سـەرەڕای دەسـەڵاتە ڕەهاکانـی کـە لەژێـر دەسـتی دەزگای جێبەجێکردنـە، لـەم بوارەشـدا دامـەزراوە ئەمنـیو هەواڵگرییـەکان ڕۆڵـی بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن دەبینـن، ئـەم دامەزراوەیـە بەرپرسـیاریش نییـە لەبـەردەم دەزگای تەشـریعی وڵات، یـان لەبـەردەم ڕای گشـتی.[٣]

لەحاڵەتـی ئـەم ڕژێمانـە شـەرعیەت لەئیـرادەی زۆرینـە وەرنەگیـراوە، بەڵکـو زۆربـەی ئـەو ڕژێمانـە پشـتیان بەشـەرعیەتە نەریتگەریەکانـی بەسـتووە، وەک: شـەرعیەتی ئاینـی، خێڵەکـی، شـەرعیەتی شۆڕشـگێڕانە، شـەرعیەتی نەتەوایەتـی، شـەرعیەتی باوکایەتـی...)، بەهـۆی ئـەو شـەرعیەتەوە، چاودێـریو دەسـەڵاتی بەسـەر کۆمەڵگـەدا فـراوان کـردووە، ئەقلانیەتـی خـاوەن کار کۆمەڵگـە بەڕێـوە دەبـات.

هـەر لەخەسـڵەتەکانی ژیانـی سیاسـی لەوڵاتانـی عەرەبـی، بەگشـتی، ژیانـی حزبایەتـی بریتیـە لـەوەی چەنـد دەوڵەتێـک بـە هیـچ جۆرێـک ڕێـگای بـەکاری حزبایەتـی نـەداوە، هەندێکیـان ڕێگایـان داوە بـەو جـۆرە

چالاکیـە سیاسـییە، بـەڵام بـە مـەرج، ئەمـە سـەرەڕای ئـەو دەردەسـەریەی بـەرووی حزبەکانـی ئۆپۆزسـیۆن دەبێتـەوە.
ئـەم وڵاتـە عەرەبیانـە بـەرەو رووی قەیرانێکـی مەترسـی دیکـەش بونەتـەوە، کـە لەهەمـوو دامو دەزگاکانـی دەوڵـەت تەشـەنەی کـردووە، ئەویـش قەیرانـی گەندەڵییـە بـە هەمـوو شـێوەکانی دارایـی، کارگێـڕی، سیاسـی...هتد.

## چەند هەوڵێك بۆ چاکسازی:

راپۆرتـی رێکخـراوی گەشـەکردنی مرۆیـی عەرەبـی بـۆ سـاڵی (٢٠٠٤) پێشـوازییەکی زۆری لێکـراوە، لەهەمـان کاتـدا جێـگای رەخنـەش بـووە. ئـەو راپۆرتـە ئامـاژە بـۆ شـەرعیەتی رژێمـە عەرەبییـەکانو ئـازادی گـەلانو مافەکانـی ژن دەکات، سـەرەڕای تێکـەڵ بوونـی بـە بزوتنـەوە شۆڕشـگێڕیەکانی جیهـان.
لوتکـەی عەرەبـی کـە لەئایـاری ٢٠٠٥ لەجەزائیـر بەسـترا، دەربـارەی رێـڕەوی پەرەپێـدانو نوێکردنـەوە بەیانێکـی بڵاوکردۆتـەوە، لـەو بەیانـەدا بەئاشـکرا داوای چەندیـن چاکسـازی سیاسـیو ئابـووریو کۆمەڵایەتـیو پەروەردەیـی دەکات لەوڵاتانـی عەرەبیـدا.
بەتایبـەت قوڵکردنـەوەی بنەماکانـی دیموکراسـیەتو فراوانکردنـی بەشـداری لەبـواری سیاسـیو کاروبـاری گشـتیو دروسـتکردنی بڕیـار، هەروەهـا بـە یاسا کردنـی دادپـەروەریو یەکسـانی لەنێـوان هاوڵاتیـانو رێزگرتـن لەمافەکانـی مـرۆڤو ئـازادی رادەربڕیـنو دەسـتەبەرکردنی سـەربەخۆیی دادگا.

لـەم بـارەوە چەنـد دەستپێشـخەرییەکی فەرمـی لەلایەنـە عەرەبییەکانـەوە دەرچــوو، لەیەمــەن راگەیاندنــی (صنعــاء) دەرچــوو لەســاڵی ٢٠٠٤، لەمیســر بەڵگەنامــەی (اســکندریە) دەرچــوو لــە٢٠٠٤، لەمەغریــب داوای مافەکانـی ئۆپۆزسـیۆنی سیاسـی دەرچـوو، لەبەحرەیـن لیژنـەی نیشـتیمانی بـۆ شـەهیدانو قوربانیانـی بەندکـراو بڵاوکـراوەی خـۆی دەرکـردوە.

لەبوارێکـی دیکـەدا ئۆپۆزسـیۆنی فەرمـی دەنگـی خـۆی بەرزکردۆتـەوە، بـۆ نموونـە لەسـوریا، ئۆپۆزسـیۆن لەچـەپو ئیسـلامیەکان، داواکاریەکانیـان گەرمتـر خسـتۆتە روو دەربـارەی مافەکانـی مـرۆڤ، لەمیسـر، بزوتنـەوەی (الاخـوان المسـلمين) نارەزایـی خـۆی بـە درێژەپێدانـی دەسـەڵاتی حوسـنی موبـارەک دەربـڕی، هەروەهـا دژی یاسـای بـاری نائاسـایی وەسـتاو قبوڵـی نەکـرد، ئـەم یاسـایە مـاوەی چەنـد ساڵە لەوڵاتانـی میسـرو سـوریاو سـودان کاری پێدەکـرێو هاوڵاتـی لـەزۆر مافـە دەسـتورییەکانی روتکراوەتـەوە.

لەوڵاتـی عەرەبـی سـعودی، لەسـەرەتای سـاڵی ٢٠٠٦ چەندیـن چالاکـی سیاسـی رویـداوە، کـە پێشـبینی نەدەکـرا، داواکاریەکانـی مافـە ئاینـیو مەدەنییەکانـی گرتۆتـە خـۆی، سـەرەڕای یەکسـانی نێـوان هاوڵاتیـانو چاکسـازی لەبارودۆخـی ژنـانو دابینکردنـی بەشـدارییان لەژیانـی گشـتی.(٤)

ئـەم هەوڵانـە لـەزۆر وڵاتو بـە زۆر شـێواز دەخرانـە روو، تـا لـەرۆژی ٦/ شـوبات/٢٠٠٤، پـرۆژەی رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی گـەورە خرایـە روو لەلایـەن بەرپرسـە باڵاکانـی وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا.(٥)

پسـپۆڕی سـتراتیژی فەرەنسـی (لـۆران موراویـک) لەوتارێکیـدا دەربـارەی ئـەم بابەتـە دەڵـێ:

"جیهانــی عەرەبــی لەکارەســاتێکی درێژخایەنــی دەژێــت مــاوەی دوو ســەد ســاڵە، کاروانــی شــۆڕشــی پیشەســازی بەســەریدا تێپــەڕ بــوو، ئێســتاش کاروانــی شــۆڕشــی تەکنەلۆژیــا بەســەریدا تێپــەڕ دەبــێ، هاندانــە

ناوخۆییەکانـی لەدەسـت دەدات بـۆ گونجاندنـی لەگـەڵ جیهانـی نوێـدا".
لـۆران بۆچوونـی وایـە کـە عـەرەب باوەڕیـان بەخۆیـان نیـە، نەوەکانیـان وردە وردە روو لەتێـرۆر دەکـەن، کـە هەڕەشـە لەشارسـتانیەتی نـوێ دەکات، هەروەهـا دەڵـێ: هـەر لەکاتـی سـەربەخۆیی ئـەو دەوڵەتـە عەرەبیانـەوە، گرنگتریـن شـت ئـەو دەوڵەتانـە پێشکەشـیان کـردووە، بریتیبـووە لەجەنـگ، لەگـەڵ زۆربوونـی کێشـەکانی دانیشـتوانو ئابـووری، ئەمـەش بەهـۆی شکسـتهێنانیان لەدامەزراندنـی سیسـتمێکی سـەقامگیر.
ناوبـراو دەڵـێ: هەمـوو دەوڵەتـە عەرەبیـەکان توشـی شکسـت بونـە، یـان شکسـتهێنان هەڕەشـەیان لـێ دەکات، هەروەهـا زۆر بەروونـی ئـەم خاڵانـە دەخاتـە روو:

- گرژی نێوان عەرەبو جیهانی پێشکەوتوو گەیشتۆتە لوتکە.
- کێشـە ناوخۆییەکانـی عـەرەب لـەوە گەورەترە کە توانای چارەسـەرکردنیان هەبێ.
- قەیرانەکانیان رووی لەناوچەکانی دیکەی جیهان کردووە.
- هیچ بواری ئازادیو بیروڕاو سیاسەت داڕشتن نەماوە.
- گروپێکـی خێڵەکـی لەسـەر دەسـەڵاتن، رێگایـان لەپێشـکەوتنو پەرەپێـدان گرتـووە.
- کودەتا، تیرۆر، پیلانگێڕان، تەنها رێگایە بۆ گۆڕانی سیاسی.
- لەنـاو ئـەو دەوڵەتـە عەرەبیانـە، توندوتیـژی درێژەپێدانـی سیاسـەت نیـە، بەڵکـو خـۆی سیاسـەتەو سیاسـەتیش توندوتیژییـە.
- کەلتوری توندوتیژی بنچینەی تیرۆرە.(٦)

## هۆکارەکانی دەرکەوتنی بزوتنەوە جەماوەریەکان:

لەدەیەی سەدەی بیستویەکداو لەژێر چەند گوشارو هاندانێکی ناوخۆییو دەرەکی، لەچەند وڵاتێکی عەرەبی، وەک: میسرو لیبیاو تونسو سوریاو یەمەن، چەندین بزوتنەوەی ناڕەزاییو شۆڕشگێرانەی جەماوەری سەریان هەڵداوە، داوای چاکسازیو گۆڕانکارییان بەرزکردۆتەوە، بەشێک لەو راپەڕینانە سەرکەوتن لەسەپاندنی هێزو تواناکانی خۆیان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا، هەروەها لەماوەیەکی کورتدا گۆڕان لەو وڵاتەدا پەیدا ببێ.

ئەم بزوتنەوە جەماوەرییە نوێیانە لەگرنگترین ئەو دیاردانەن، کە واقیعی سیاسی عەرەبی بەخۆیەوە بینیویەتی، لەگەڵ جیاوازیو کاریگەری رۆڵیان لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە.

لەراستیدا ئەم دیاردەیە لەگرنگترین خەسڵەتەکانی ئەو جوڵانەوە سیاسیەیە، کە زیاتر لەشوێنێک رویداوە بەشداری کردووە لەقوڵکردنەوەی ئەو دۆخە سیاسیەو گواستنەوەی بۆ قۆناغێکی باڵاتر.[(٧)]

ئەم بارودۆخە چەند پرسیارێک دەوروژێنێت، کە پێویستیان بە وەڵامدانەوە دەبێت: کێن ئەوانەی بەو جوڵانەوە جەماوەریانە هەڵدەستن؟ هۆیەکان چین؟ چۆن بەڕێوە دەچێت؟ هۆکارو ئامرازەکانی پرۆسەکە چین؟

دەکرێ بووترێ، بەشێوەیەکی گشتی، ئەم بزوتنەوە نوێیە جەماوەریانە، بریتین لە چەند رێکخراوو کۆمەڵە کەسانێک، کە لەرەوتی جیاواز پێکهاتوون، مەرج نیە هەڵگری یەک دیدو یەک ئایدیۆلۆژیا بن، لەنێوان خۆیان رێککەوتوون لەسەر بەرنامەیەکی تایبەت بۆ قۆناغێکو لەچوارچێوەی رێکخستنی سادەو نەرم کار

دەکـەن، ئامانجیـان گۆڕانکاریەکـی فراوانـی هەمەلایەنـە لـەو بارودۆخـە کۆمەڵایەتییـە، لەڕێـگای چەنـد شـێوازێکی ئاشـتیانە، هـەوڵ نـادەن بـۆ گەیشـتن بـە دەسـەڵات.
دیـارە ئـەو هـەوڵو تێکۆشـانە جەماوەریـە بەهێـزەش، تەنهـا ئامانجەکـەی گۆڕانێکـی ریشـەی نییـە لـەو بـارە داخـراوە، بەڵکـو بریتییـە لـە گۆڕینـی بـارە راهاتووەکـەو بونیادنانـی کەلتورێکـی نـوێ لەرەفتـاری سیاسـی، کـە سـنوری ئـەو بـارە راهاتـووە تێپـەڕ دەکات، هەروەهـا پەیداکردنـی چـەن ئەڵتەرناتیڤێـک، کـە توانـای رووبەرووبوونـەوەی هەبێـت، بەرامبـەر هـەر هەوڵێـک بـۆ لەناوبردنـی.
بەدیهێنانـی ئامانجەکانـی ئـەو راپەڕینـە جەماوەریـە فراوانـە، پەیوەسـت دەبـێ بـە بوونـی دوو هـۆکار: [٨]
١. هۆکارێکـی بابەتیانـە: کـە خـۆی دەبینـێ لـە گردبوونـەوەی هێزە سیاسـیو جەماوەریـەکان، لەگـەڵ رێکخسـتنی بۆچونیـان لەئاسـت قەیرانەکـە، هەروەهـا دابڕانـی نێـوان رژێـمو جەمـاوەر.
٢. هۆکارێکـی خودیانـە کـە بریتییـە لەهۆشـیاری جەمـاوەر بـەو رۆڵـە گرینگـەی هەیەتـی، هەروەهـا کاریگـەری لەسـەقامگیری هـەر سیسـتمێک یـان گۆڕینـی.
ئەگـەر هـۆکاری دووەم پەیـدا نەبـێ (یەکەمیـش هەبـێ) ئـەوا گـۆڕان توانـای جێبەجێکردنـی نابـێ.
لـەم چەنـد سـاڵەی دوایـدا لەنـاو کۆمەڵگـە عەرەبیـەکان چەندیـن گۆڕانـکاری روویانـداوە، کـە دەکـرێ بـە رەگـەزی پێگەیاندنـی هـۆکاری خـودی دابنرێـن، دەتوانیـن ئامـاژە بـەو گۆڕانکاریانـە بکەیـن، بـە کورتـی:
١. گـۆڕان لەبـواری فێربـوون: کـە دوو ئەنجامـی دەرداوە، بریتیـن لـە: هۆشـیاری لەگـەڵ توانـا لەسـەر بەکارهێنانـی ئـەو هۆشـیاریە بـۆ تێگەیشـتن

لەگرنگــیو بەهــای ئــازادی.
٢. گــۆڕان لەبــواری ئابــووریو کۆمەڵایەتــی: ئەمەشــیان دوو ئەنجامــی هەبــووە: پێگەیشــتنی چینێکــی بــێ ویــژدان کــە دەیەوێــت هــەر خــۆی تێــر بــکات، لەگــەڵ نەبوونــی دادپــەروەری لــە دابەشــکردنی داهــاتو تەشــەنەکردنی دیــاردەی گەندەڵــیو بێــکاری.
٣. گۆڕانێــک لەبــواری پەیوەندیــەکان: کــە ئەمــەش بــە رۆڵــی خــۆی دوو ئەنجامــی هەبــووە: تێگەیشــتنو ئاگاداربونــەوەی خەڵــک بــەوەی کــە روو دەدات لەدەوروبەریــان. لەگــەڵ بوونــی توانــا لەســەر بەردەوامبوونــی ئــەو پەیوەندییانــە بــێ کــۆتو رێگــر.

## هۆیەکانی هەڵگیرساندنی بزوتنەوە ناڕەزاییە جەماوەرییەکان:

دەکرێ جیاوازی لەنێوان دوو کۆمەڵە هۆ بکەین:
یەکەمیــان: هۆیــە ناوخۆییــەکان، واتــە ئــەو هۆیانــە کــە لەناوخــۆی کۆمــەڵ هەڵدەقوڵێــن.
دووەمیــان: هۆیــە دەرەکیــەکان، واتــە ئــەو هۆیانــە کــە کارتێکردنیــان لەســەر ئــەو سیســتمانە کــردووە لــەدەرەوەی کۆمەڵگاکــەی.

### یەکەم: هۆیە ناوخۆییەکان: [٩]

**ا- هۆیە سیاسییەکان:**
خراپبوونــی بــاری سیاســیو پەککەوتویــی سیســتمی سیاســی عەرەبــی لــە بەرەنگاربونــەوەی رووداوەکان، لەســەر هــەردوو ئاســتی ناوخۆیــیو

دەرەکــی، بــێ ئومێــدی جەمــاوەر لــەو سیســتمانە بــۆ هــەر گۆڕانێکــی دیموکراسـیانە، سـەرەڕای تێکچـوونو قەیرانـە سیاسـییەکان لەگـەڵ حـزبو هێـزە سیاسـییەکانی وڵاتو بـێ بەشـکردنی جەمـاوەر لەمافـە سیاسـیەکانی.

**ب ـ هۆیە ئابوورییەکان:**

خراپبوونــی بارودۆخــی ئابــووری وڵات، زۆربوونــی بێــکاری، نەبوونــی یەکســانیو دادپــەروەری کۆمەڵایەتــی لەدابەشــکردنی داهــات، گەشــەنەکردنی بــواری ئابــووری.

**ج ـ هۆیە کۆمەڵایەتیەکان:**

گەورەبونــی ناکۆکیــەکان لەبونیــادی کۆمەڵایەتــیو ئابــووری کۆمەڵگــە، لەئەنجامــی گۆڕانکاریــەکان لەهەمــوو بــوارەکان، بەهــۆی پێشــکەوتنو پەرەســەندنی زانســتو فێربــوون، لەگــەڵ پەیدابوونــی کەرتێکــی فــراوان لەخوێنــدەوارو شــارەزایان لــەدەرەوەی وڵات، لەگەڕانەوەیــان بــۆ وڵات رووبــەڕووی حاڵەتــی بێــکاری دەکــەنو هەســت بەنامۆیــیو پشتگوێخســتن دەکــەن، ســەرەڕای پەیدابوونــی توێژێکــی مشــەخۆری گەنــدەڵ لەنــاو کۆمەڵگــە کــە وەک تۆڕێــک بڵاوبوونەتــەوە.

د ـ هۆیە رۆشنبیریەکان:

کــە مەبەســت لێــی بڵاوبوونــەوەی بیــروڕاو هــزرە ئازادیخــوازو دیموکراسـیەکانە.

**دووەم:** [١٠]

دەکرێ لەسەر دوو ئاست باس لەم هۆیانە بکرێ:

١ـ ئاســتی سیاســی، گوشــارە دەرەکییەکانــی بەســەر وڵاتــی عەرەبــی، بەتایبەتــی دوای رووداوەکانــی ١١ئەیلوولــی٢٠٠٧ لەئەمریــکا، بــۆ هاندانــی

دەوڵەتــە عەرەبیــەکان بــەرەو چاکســازی سیاســیو ئابــووریو کارگێــڕی.
٢ـ کارتێکــەرە دەرەکییــەکان بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ، لەئاکامــی زۆری پەیوەندیکــردن بــە کۆمەڵگــەو کلتورەکانــی دیکــە، هەروەهــا کاریگــەری ڕەوتەکانــی عەولەمــەو بیروبــاوەڕە کۆمەڵایەتــیو سیاســیە نوێیــەکان، کــە کاریگــەری بەســەر هۆشــیاری چینێکــی فراوانــی جەمــاوەر هەبــووە.

## چەند روخسارو خەسڵەتێکی ئەو راپەڕینە جەماوەریانە:

١. ڕۆڵــی چینــی ناوەڕاســت، دانیشــتوی شــارەکان لــەو ڕاپەڕینانــە، ڕۆڵێکــی ســەرەکی بــووە، ئــەوان[١١] باشــتر هەســتیان بــە پێویســتی گــۆڕان کــردووەو لەمانــاو ڕەهەندەکانــی بنەمــای مافەکانــی مــرۆڤ تێگەیشــتوون.
٢. ئــەو هێــزەی کــە ڕۆڵــی ســەرەکی گێــڕاوەو ســەرکردایەتی بزوتنــەوە جەماوەریەکانــی کــردووە، هێــزی لاوان بــووە، واتــە ئــەو توێــژە کۆمەڵایەتیــەی کــە پێکهاتــووە لەخوێندکارانــی زانکــۆو دەرچــووە بێــکارەکان.
٣. ئــەم بزوتنەوانــە، بزوتنــەوەی جەمــاوەری نــاڕازی بــوون، ئــەم جوڵانەوەیە، شۆڕشــێکی شارســتانی بــوو، نەســەربازی، نەئیســلامی، نەحزبــی نەبــووە، هەرچەنــدە لەتونــس بزوتنــەوەی (النهضــە الاســلامیە)و لەمیســر، کۆمەڵــەی (الاخــوان المســلمین) پەیوەندییــان بــەو بزوتنەوانــە کــردووەو بەشــدارییان تێــدا کــردووە. هەروەهــا شۆڕشــی چەپەکانیــش نەبــووە، ئەگــەر چــی هەنــدێ کۆمەڵــەو ڕەوتــی چــەپ، بەشــدارییان تێــدا کــردووە.
٤. جــۆری پێکهاتــەی هــزری، ئــەم نــەوە نوێیــەی کــە بزوێنــەری شــۆڕش بــووە، هەروەهــا ســەرکردایەتی شۆڕشــی کــردووە، بایەخــی بــە ئایدیۆلۆژیــا نــەداوە، دروشــمەکانیان هەمــووی پراگماتیزمــی (کردەیــی)و هەســتپێکراو بــووە.

٥. ئـەم شۆڕشـانە (بەتایبەتـی لەمیسـرو تونـس)، ناڕاسـتی ئـەو بۆچونـەی سـەلماند، کـە لەمـاوەی چەندیـن سـاڵدا بانگەشـەی بـۆ ئـەوە دەکـردو دەیـووت تەنهـا بزوتنـەوە ئیسـلامیەکان، ئەوانـەی هەڵگـری ئایدیۆلۆژیـان‌و لەچوارچێـوەی ئۆرگانیـن، ئـەوان دەتوانـن بەرەنـگاری هێـزی دەوڵـەت بکـەن.

٦. بەکارهێنـان‌و سـوود وەرگرتـن لەتەکنەلۆژیـا، هـەر بەهـۆی نەبوونـی ئـازادی‌و نەبوونـی[١٢] بەشـداری سیاسـی‌و کۆمەڵایەتـی، گەنجـان بـە لێشـاو روویـان لەراپەڕیـن کـرد، تـۆڕی ئەنتەرنێـت ئـەو پەناگەیـە بـوو، کـە پشـتیان بـێ بەسـت، هۆیەکانـی پەیوەندیکردنیـان بەکارهێنـا بـۆ سـازدان‌و جۆشـدانی جەمـاوەر.

٧. ئـەم بزوتنـەوە جەماوەرییانـە کـە بـۆ رووبەرووبونـەوەی دەوڵـەت سـەریان هەڵـدا، ئـەم کارە هـاوکات بـوو لەگـەڵ لاوازبـوون‌و هەڵوەرینـی رۆڵـی حزبـە سیاسـیەکان.

٨. وتـاری سیاسـی یـان بەرنامـەی ئـەم راپەڕینانـە هەمەلایـەن‌و گشـتی بـووە، داوای گـۆڕانـی هەمەلایـەن دەکات کـە هەمـوو بوارەکانـی کۆمەڵگـە بگرێتـەوە لەسـەری دەوڵەتـەوە بـەرەو خـوار، بـە پێچەوانـەی هێـزە سیاسـیە کۆنـەکان‌و ئۆپۆزسـیۆنی نەریتگـەری، کـە داواکاریەکانیـان سـنورێکی تەسـکی گرتۆتـەوە.

٩. گەیشـتن بـە دەسـەڵات، بزوتنـەوە جەماوەرییـە نوێیـەکان هەوڵـی گەیشـتنیان نـەداوە بـە دەسـەڵات بـە پێچەوانـەی هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆن کـە گەیشـتنیان بـە دەسـەڵات ئامانجێکـی سـەرەکییان بـووە.

١٠. ئـەم بزوتنـەوەو راپەڕینـە جەماوەریانـە، لـەرووی یاسـایەوە رێـگای پـێ نـەدراوە.

١١. بارودۆخـی کۆمەڵگـەی جیهانـی کاریگـەری هەبـووە بەسـەر رەوتـی

بزوتنـەوە جەماوەرییـەکان، هەروەهـا ئەوانیـش هەوڵیـان داوە لایەنگـری‌و سـۆزی رای گشـتی جیهانـی بـۆلای خۆیـان ڕاکێـش بکـەن.
١٢. پەرەسـەندنی سـنوری داواکارییەکانـی بزوتنـەوە جەماوەریـەکان، رۆژانـە لەگـەڵ درێـژە پێدانـی جوڵانـەوە جەماوەریەکانـی، ئاسـتی داواکارییـەکان زیـادی دەکـرد.

## کۆتایی:

لـەزۆر رووەوە مێـژووی مرۆڤایەتـی بەشـێوەیەکی گشـتی، مێـژووی بزوتنـەوەو راپەڕیـن‌و شۆڕشـەکانە، بـەردەوام ئەوبزوتنـەوەو شۆڕشـانە هۆکارێکـی کارابونـە بـۆ پێشـکەوتن‌و سـەرکەوتنی گـەلان، هەروەهـا هۆیەکـی راسـتەوخۆش بوونـە بـۆ نەهێشـتنی هەنـدێ شـێوەو بـاری داخـراوو بـێ جوڵـەی ژیـان لەسـەردەمی کۆنـەوە.
هەڵگەڕانـەوە بەسـەر ئـەو شـێوازو دیاردانـەی ژیـان‌و قبوڵنەکردنـی‌و دەرکەوتنـی شـێوازو مەرجـی دیکـە بـۆ ژیانێکـی نـوێ، کـە رەنگـە کـەم تـا زۆر لەشـێوازو مەرجەکانـی ژیانـی داهاتـوو جیـاواز بێـت، جەوهـەری بزوتنـەوە پێشـکەوتنخوازەکانی گەلانـە. گەلانـی عەرەبیـش بـۆ خۆڕزگارکـردن لەدواکەوتـن‌و چـەق بەسـتوویی ژیانیـان، دەبـێ هەوڵـدەن، سیسـتمی سیاسـی بەتوانـا دامەزرێنـن، گونجـاو لەگـەڵ پێداویسـتیەکانی سـەردەم‌و پێـوەرە راسـتیەکانی جیهـان‌و مافەکانـی مـرۆڤ، بۆئـەوەی هەمـوو پێکهاتەکانـی ئـەو کۆمەڵگەیـە توانـای بەشـداریکردن‌و کارلێکردنیـان هەبـێ، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی باشـترین چارەسـەر بـۆ کێشـەکانیان، هەروەهـا دامەزراندنـی سیسـتمێکی دیموکراسـی هاوسـەنگ، لەمیانەیـدا ئاڵوگـۆڕی دەسـەڵات بکرێـت بـە رێگایەکـی شارسـتانی، یاسـاکان پەرەیـان

پێ بدرێت،ئەرک بەجێگەیاندنشێوەیەکی شارستانی وەربگرێتو پەنا بەرنە بەر توندوتیژی. دیارە هۆکارەکانی پەرەسەندنو گۆڕانی خێرا لەسەر ئاستی جیهانی، هەروەها شۆڕشی تەکنەلۆژیاو لەئاکامدا پەیدابوونی پەیوەندیکردنە خێراکانو زانیاریو ڕاگەیاندن بە هەموو شێوەکانی، هەموو ئەوانە هۆکارن بۆ ڕوودانی گۆڕانی گەورە لەژیانی خەڵک بەتایبەتی توێژی لاوان، کە بونەتە رابەری هۆشیاری، داواکارییەکانیان کەس ناتوانێت رێگای پێ بگرێت، ئەمە سەرەڕای هاتنی ژنان بۆ بواری کارکردنو وەرگرتنی زانستو بەرزبونەوەی ئاستی بەشداریکردنیان لەژیانی شارستانی کۆمەڵگە بەهەموو شێوەکانی، کە کاریگەری بەسەر ژیانی خێزانو ئاستی هۆشیاری ئەندامانی دەبێ.

بۆیە بوونی دەسەڵاتێکی دروست، داواکارییەکی بنچینەییە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت[١٤]، لەگەڵ بەهێزکردنی بەشداری پێکردنی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگە، کە خۆی لەسێ کەرت دەنوێنێت، کەرتی گشتی، کەرتی تایبەتی، کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەهەموو ئەوانەش گرنگترو هەستیارتر، بەربەرەکانیکردنی گەندەڵییە بە هەموو شێوەکانیو لەسەر هەموو ئاستەکان، سەرەڕای کاراکردنی رۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆئەوەی بە رۆڵی خۆی هەستێ وەک چاودێرێک.

بەشی دووەم

# لە تونسەوە بۆ بەحرێن

یەکەم:

# کۆماری تونس

**یەکەم:**

## کۆماری تونس

کۆماری تونس دەکەوێتە باکووری کیشوەری ئەفریقیا، لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست. رووبەرەکەی (٦١٠ ,١٦٣)کم$^{٢}$. ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی (٢٠٠١) دەگاتە (٠٠٠ ,١٦٠ ,١٠)کەس.[(١٥)]

تونس لەماوەی جەنگی جیهانی دووەم (٩٤٢ـ ١٩٤٣) لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە داگیرکرابوو، بەهۆی تێکۆشانی گەلەکەی سەربەخۆییان وەرگرت لە فەرەنسا، (کە دواتر ئەم وڵاتەی داگیر کردبوو) لەساڵی ١٩٥٦، (حبیب بورقیبە)بوو بە سەرۆک وەزیران، لەساڵی ١٩٥٧ حبیب بورقیبە بووە بە سەرۆک کۆمار لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٨٧ (زین العابدین بن علی) هەستا بە ئەنجامدانی کودەتایەکی ئاشتیو (حبیب بورقیبە)ی لەدەسەڵات دوورخستەوە، لە جێگای ئەو خۆی بوو بەسەرۆک کۆمار.

تونس کۆمارێکی دیموکراسی دەستورییە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەست سەرۆک کۆمارە، کە بۆماوەی پێنج ساڵ هەڵدەبژێردرێتو دەتوانێ جاری تر خۆی هەڵبژێرێتەوە. دەسەڵاتی یاسادانان بەدەست ئەنجومەنی نوێنەرانە کە لە(١٦٢) ئەندام پێکدێت، بۆ ماوەی پێنج ساڵ.

لەساڵی ١٩٧٥ دەستووری تونس دەسکاری کرا بۆ ئەوەی سەرۆک هەتا دەمرێ هەر دەبێ سەرۆک کۆمار بێت (لەماوەی حکومڕانی حبیب بورقیبە). لەساڵی ١٩٩٤ حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان بۆ یەکەم جار بەشداری هەڵبژاردنیان کرد. لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٩ دووبارە (زین العابدین بن علي) هەڵبژێردرایەوە بۆ سەرۆک کۆمار، لەساڵی ٢٠٠٤ بۆجاری

چـوارەم سـەرۆک کۆمـار زیـن العابدیـن هەڵبژێردرایـەوە، هەرچەنـدە لایەنـە ئۆپۆزسـیۆنەکان رازی نەبـوونو رەخنەیـان لەپـاک هەڵبژاردنەکـە گـرت.

## حیزبە سیاسییەکان لە تونس: [16]

حیزبـی (المجتمـع الدسـتووري الدیموقراطـي) حیزبـی دەسـەڵاتدار بـوو، حیزبـی (الاتحـاد الدیموقراطـي الوحدوي، حركـة الدیموقراطیین الاشـتراكیین، حیزبـی ـالوحده الشـعبیەـ حیزبـی التجدید (الشـیوعی)، حیزبـی الدیموقراطی التقدیمـی، حیزبـی (التكتـل الدیموقراطـی)، بزوتنـەوەی -الهضـەـ ئیسـلامی، العمـال الشـیوعی.

## سەرەتای رووداوەکان ۲۰۱۱:

ژیانـی سیاسـی لەتونـس بـەرەو رووی شـەپۆلێکی بەهێـزی نارەزایـیو بزوتنـەوەی جەمـاوەری هـات، لەمانگـی کانوونـی یەکەمـی ۲۰۱۱ بـە تونـدی سـەری هەڵـدا، ئـەم دیاردەیـە بـە درێژایـی مێـژووی سیاسـی تونـس لـەدوای سـەربەخۆییەوە رووی نـەداوە.
ئـەم شـەپۆلە فراوانـەو بەهێـزە لـە نارەزایـیو بزوتنـەوە جەماوەریانـە لـەدەرەوەی چوارچێـوەی حیزبـیو رێکخـراوە سیاسـیەکانەوە بـووە، بـەو شـێوەی کـە پێشـتر روویـدەدا، لاوانـی بێـکارو دەرچووانـی زانکـۆ سـەرکردایەتییان دەکـرد، بـێ هانـدەرو پەیوەندییـە سیاسـیو حیزبییـەکان. ئـەو بزوتنەوانـە گەشـەیان کـردوو فـراوان بوونـە، زۆربـەی چیـنو توێـژە کۆمەڵایەتییـەکان لەشـارەکان بەشـدارییان تێـدا کـردووە، داواکارییەکانیـان

بریتـی نەبـوو لەباسـی دامەزرانـدنو بێـکاری، بەڵکـو پـەرەی سـەند بۆئـەوەی بـواری سیاسـی بگرێتـەوە، دادپـەروەری کۆمەڵایەتـیو دژایەتـی گەندەڵـی لەئامانجەکانیـان بـووە.
ئـەو بزوتنـەوە جەماوەریانـە لـەرۆژی ١٤/کانوونـی دووەمـی٢٠١٧ سـەرۆکی تونـس (زیـن العابدیـن بـن علي)یـان ناچارکـرد، کـە دەسـت لەدەسـەڵات هەڵبگرێـتو تونـس بەجێبهێڵێـت.

## تایبەتمەندییەکانی ئەم بزوتنەوەیە:

### ا- دەستپێکردنی بزوتنەوە جەماوەرییەکان: [١٧]

بزوتنـەوە جەماوەرییەکانـی تونـس دەسـتی پێکـرد، کاتـی هاوڵاتـی (محمـد البوعزیـزی) دەرچـووی زانکـۆو بێـکار، ئاگـری لەجەسـتەی خـۆی بـەردا، لـەرۆژی ١٧/کانوونـی یەکـەم٢٠١٧ لەشـاری (سـیدی بوزیـد).
ئـەم کارە بـوو بەهـۆی تەقینـەوەی شـەپۆلێکی گـەورەی ناڕەزایـی جەمـاوەری، رووداوەکـە لەناوچـە ناوخۆییەکانـەوەو لەناوەڕاسـتی تونـس دەسـتی پێکـرد، وردەوردە گەیشـتە شـارەکانی سـەر کەنـاری دەریـاو ناوچـە گەشـتیارییەکان تـا لەئاکامـدا لەپایتەختـی تونـس گیرسـایەوە، ئـەو شـارەی کـە بنکـەی ئابـووریو سیاسـی تونسـە.
ئـەم بزوتنـەوە ناڕەزاییانـە، دیاردەکانـی چەندیـن شـێوەی نوێـی وەرگـرت، لەخۆپیشـاندانو مانگرتـنو رێپێوانـە جەماوەرییـەکان، کـە بـە هـەزاران خەڵـک لەهەمـوو چیـنو توێژەکانـی کۆمـەڵ بەشـدارییان تێـدا کـردووە (خوێنـدکار، کرێـکار، فەرمانبـەر، پارێـزەر، پزیشـک........هتد).

هەروەهــا لــەدەرەوەی تونــس لەوڵاتانــی ئەوروپــا، لەلایــەن تونســیەکان پشــتگیری دەکــرا، وەک ئــەوەی لەشــارەکانی (لەنــدەنو پاریــس) روویانــدا، لەرێــرەوە جەماوەریــەکان، لەبــەردەم باڵوێزخانەکانــی تونــسو رێکخــراوە نێــو دەوڵەتییــەکان.

**ب- خەسڵەتەکانی ئەو بزوتنەوە جەماوەرییانە:**

١. بزوتنــەوە جەماوەرییــەکان لەلایــەن گەنجانــی دەرچــووی زانکۆکانــەوە، رابەرایەتــی دەکــرا، ئەوانــەی بــێ ئیــشوکارن، ئــەو نەوەیــە بەشــدارییەکی کارایــان کــردووەو بەشــێوەیەک توانیــان گەشــەی پــێ بــدەنو فراوانــی بکــەن کــە بگاتــە هەمــوو شــارەکان.

٢. بێتوانایــی هێــزە سیاســییەکان لەپەیوەندیکــردن بەهێــزە جەماوەرییــە نارازییەکــە، بەهــۆی نەبوونــی هاوپەیمانیەتــی، یــان بــەلای کــەم هــەر جــۆرە پەیوەندیکردنێــک لەنێــوان لاوانو هێــزە سیاســییەکان.

٣. پشــت بەســتن لەســەر کاری نــاڕەزای راســتەوخۆ، وەک خۆپیشــاندانو مانگرتــن بــێ وەرگرتنــی مۆڵەتــی فەرمــی لەدەســەڵاتەوە، ئــەم دیاردەیــە نمونەیەکــی کــەم وێنــە بــووە لەجیهانــی عەرەبیــدا، کــە هێــزی شــەقام بتوانــێ ســەرۆکی دەســەڵات بڕوخێنــێ.

٤. دابەشــبوونی ناڕەزاییــەکان لەســنورێکی جوگرافــی فــراوان، کــە سەرتاســەری تونســی گرتــەوە، هەروەهــا درێــژەی هەناســەی هێــزی جەمــاوەر کــە زیاتــر لــە٢٥ رۆژی خایانــد.

٥. بزوتنەوەکــە مۆرکــی کتوپــڕی پێــوە دیاربــوو، کــەس لە نــاوەوەو دەرەوەی تونــس[١٨] پێشــبینی ئــەو رووداوانــەی نەدەکرد.

٦. راپەڕینێکــی جەمــاوەری فــراوان بــوو، هەمــوو چیــنو توێژەکانــی

کۆمەڵگـەی تونـس بەشـدارییان تیاکـردووە.
٧. ئامانجـی گشـتی راپەڕینەکـە دیموکراسـییەت بـووە، هیـچ دروشـمێکی ئاینـی، نەتەوایەتـی هەڵنەگرتـووە، یاخـود دژایەتـی سـەرمایەداریو ئیمپریالیـزم.
٨. رۆڵـی بەرچـاوی تەکنەلۆژیـای گەیانـدن لـەم بزوتنەوەیـە، بەرچـاو بـوو.

## هۆکارەکانی بەرپابوونی بزوتنەوە جەماوەرییەکان:

چەندیـن هـۆکاری ناوخۆیـی، کۆمەڵایەتـی، سیاسـی، سـەرەڕای هـۆکارە دەرەکییـەکان کاریگەرییـان هەبـوو، لەبەرپابوونـی بزوتنـەوە جەماوەرییـەکان.[١٩]

## یەکەم: هۆکارە ناوخۆییەکان، کە بەم چەند خاڵە کورتی دەکەینەوە:

**ا- هۆکارە سیاسییەکان:**
١. بوونـی بۆشـاییەکی گـەورە لەنێـوان وتـاری سیاسـی (بەرنامـەی سیاسـیو بـاری راهاتـووی کۆمەڵگـە.
٢. دارِمانـی شـەرعییەتی سیسـتەم بەهـۆی بێتوانایـی لەدۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ کێشـە کۆمەڵایەتـیو ئابورییەکانـی وڵات.
٣. تەسـککردنەوەی بـواری ئازادییـەکانو بەشـداریکردنی سیاسـی، بەتایبـەت لەبـەردەم چینـی گەنـج.

٤. دەسـت تێوەردانـی حیزبـی دەسـەڵاتدار، لەسـەر هەمـوو ئاسـتەکان لەکاروبـاری کارگێـڕی حکومـەت، ئەمـە سـەرەڕای دەسـتتێوەردانی سـەرۆکی کۆمـارو دەسـتگرتنی بەسـەر سـەرۆکایەتی کۆمـارو سـەرۆکایەتی ئەنجومەنـی وەزیـرانو سـەرۆکی حیزبـی دەسـەڵاتدار.

٥. خسـتنە رووی پرۆژەیـەک بـۆ مانـەوەی سـەرۆک کۆمـار بەدرێـژای تە مە نـی.

٦ لاوازی هێـزە حیزبییـەکانو بێتواناییـان لەئاسـت بارودۆخەکـە، ئـەم حیزبانـە رۆڵـی کاریگەریـان نەبـووە لەژیانـی سیاسـیو کۆمەڵایەتـی تونـس.

٧. هەڵبژاردنەکانـی ئەنجومەنـی یاسـادانان، سـەرۆک کۆمـار بەپاکـی بەڕێـوە نەدەچـوو.

**ب ـ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:**

١. تەشەنەکردنی دیاردەی بێکاری، بەتایبەتی لەناو توێژی گەنج.

٢. نەبوونـی دادپـەروەری کۆمەڵاتـیو جیـاوازی چینایەتـیو سـتەمی کۆ مە ڵا یە تـی.

٣. بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی، دارایی‌و، کارگێڕی لەهەموو ئاستەکان.

٤. لاوازبوونـی پێگـەی چینـی ناوەڕاسـت، بەهـۆی بارگرانـی گـوزەرانو بەرزبوونـەوەی نرخـەکان، بەتایبەتـی ئەوانـەی داهاتیـان سـنوردارە.

**ج ـ هۆکارە ئابووریەکان:**

هـۆکاری ئابـووری هۆیەیەکـی بنچینەیـی بـووە بـۆ تێکچوونـی بارودۆخەکـە، هـەر لەگـەڵ جێبەجێکردنـی سیاسـەتی ئابـووری ئـازاد، بەپێـی بەرنامەکانـی صندوقـی نێـو دەوڵەتـیو بانکـی نێـو دەوڵەتـی، دواتـر ئـەو رێنمایـیو

بڕیارانـەی کـە حکومەتـی تونـس دەریکـردوون، پەیوەسـت بـەو سیاسـەتە ئابووریـە، بەتایبەتـی زۆرکردنـی ڕێـژەی بـاج، هەروەهـا کەمکردنـەوەی پشـتگیریکردنی دەوڵـەت لەنرخـی کەلوپەلەکانـی نـاو بـازاڕ، دورکەوتنـەوە لـە دامەزرانـدن، ئـەو هەنگاوانـە زیانـی گـەورەی بەچینـی هـەژارو کـەم دەرامـەت گەیانـد، جیـاوازی نێـوان چینـەکان زۆر فراوانتـر بـوون.

**د ـ هۆکارە کارگێڕییەکان:**

سـەرەڕای ئـەو هەوڵانـەی دراونو ئـەو توانـا مـاددیو مرۆییانـەی بەکارهێنـراون بـۆ چاکسـازیو کارگێـڕی لەتونـس، بـەڵام بێتوانایـی دەزگا حکومییـەکان زۆر بەئاشـکرا دەرکەوتـن لەسـەر ئاسـتی کارگێـڕیو سیاسـی. لەبەرئـەوەی هەمـوو ئـەو هەوڵانـەی کـە دەدران بـۆ چاکسـازی کارگێـڕی، بریتـی بـوون لەدروسـتکردنی دامو دەزگای فەرمـی دیکـە، ئەمـەش بـڕی یاسـاو ڕێنماییەکانـی لەگـەڵ لیژنـەی کارگێـڕی زیاتـر دەکـردو بارگرانیەکـەی زۆرتـر کـرد نـەک چارەسـەری پرۆسـەی جەوهـەری چاکسـازی بێـت.

**دووەم: هۆکارە دەرەکیەکان:**

چەنـد دیاردەیەکـی سـەرەکی کاریگـەری هەبـووەو بەشـداری کـردووە لەبەرپابوونـی ئـەو ناڕەزاییـە جەماوەرییانـە، لەوانـە:

١. گـۆڕان لەپەیوەندییـە هەرێمایەتیـەکان، دانانـی کـۆتو مەرجـی زیاتـر بـۆ هاتوچـۆ، بـاجو گومرگـە سنورییەکان لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێ.

٢. شۆڕشی تەکنەلۆژیو گەیاندن.

٣. ڕۆڵـی ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی جیهانـی، هەروەهـا کارو چالاکیەکانـی ڕێکخراوەکانـی مافـی مـرۆڤ.

## دەرئەنجامە سیاسیەکانی ئەم بزوتنەوە جەماوەرییانەی تونس:

١. سەرکەوتن لەبەدەست هێنانی ئامانجە سیاسیەکەی[٢٠] بەرووخاندنی رژێمی سەرۆک (زین العابدین بن علي).
٢. بوژاندنەوەی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، سەرەڕای هەموو ناکۆکیە ناوخۆییەکانی.
٣. ئاماژەیەکی بەهێز بوو، بۆ بێتوانایی‌و پەککەوتەیی‌و مایەپوچی حیزبە سیاسیەکانی تونس.
٤. پرۆژەی پشتاوپشتبوونی حکومڕانی هەڵوەشاندەوە.
٥. ئەوەی سەلماند کە چاکسازییە ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەکان هیچ مانایەکی نابێ، بەبێ چاکسازی سیاسی.
٦. ئەوەی سەلماند کە هەر چارەسەرییەکی ئەمنی بۆ کێشە سیاسیە گشتیەکان لەگەڵ کپکردنی ئازادیەکانی تاک، سودی نابێ.
٧. دەرکەوت کە ستراتیژیەتی دەوڵەتانی رۆژئاوا، کە پەیوەستە بە گەشەکردنی ئابووری پشتگوێخستنی لایەنی دیموکراسیەت سەرکەوتوو نیە.
٨.سەرکەوتنی بزوتنەوە جەماوەریەکانی تونس، هاندەرێک دەبێت بۆ بزوتنەوە نارەزاییەکانی دیکە لەولاتانی عەرەبی بەهۆی نەبوونی چاکسازی سیاسی‌و لاوازی بەشداری جەماوەری، هەروەها کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری‌و کۆمەڵایەتیەکان.

دووەم:

# کۆماری میسر

دووەم:

## کۆماری میسر

ناوی فەرمی ، کۆماری میسری عەرەبی. دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی کیشووەری(٢١) ئەفریقیا. ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٢ بریتییە لە(٠٠٠ ,٥٨٠ ,٦٨)کەس رووبەرەکەی (٤٥٠ ,٠٠١ ,١)کم٢.

ئەم وڵاتە خاوەن مێژوویەکی شارستانی دێرینە، بەرەو ڕووی چەندین هێرشو پەلاماری بیانی بۆتەوە. دانیشتوانی بەشی گەورەی عەرەبی موسوڵمانن، بەشێکی (قبتی) لەسەر ئاینی کرستیانن.

لەساڵی ١٩٢٣ میسر بووە بە وڵاتێکی شانشینیو شافوئادی یەکەم دەسەڵاتی بەدەست گرتووە. لەساڵی ١٩٥٢ رژێمی حکومڕانی گۆڕاوەو بەڕژێمێکی کۆماری، جمال عبدالناصر، یەکەم سەرۆک کۆمار بووە. میسر لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل رووبەروی چەندین جەنگ بۆتەوە لەساڵانی ١٩٤٨، ١٩٦٧، ١٩٧٣.

لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨١ سەرۆک کۆمار (انور السادات) تیرۆر کراوەو لەجێگای ئەو (محمد حسین مبارک) بووە بەرۆک کۆمارو لەو دەسەڵاتە ماوەتەوە تا ساڵی ٢٠١١، کە بەهۆی بزوتنەوەی گەورەی جەماوەری میسر لەژێر ناوی (بەهاری عەرەبی) دەستی لەکار کێشاوەتەوە.

دەسەڵاتی سیاسی لەمیسر پێکدێت لەسەرۆکایەتی کۆمار، پەرلەمان کە لەدوو ئەنجومەن پێکدێت، ئەنجومەنی گەل بە هەڵبژاردن ئەندامەکانی دیاری دەکرێن، لەگەڵ ئەنجومەنی شورا کە بەدانان ئەندامانی دادەنرێن، سێیەم ئەنجومەن لەمیسر ئەنجومەنی وەزیرانە.

## حیزبە سیاسیەکانی میسر[٢٢]:

حیزبی نیشتیمانی دیموکراسی (حیزبی دەسەڵاتدار بوو)، گردبوونەوەی نیشتیمانی پێشکەوتنخوازی یەکگرتوو، حیزبی الوندی نوێ، حیزبی (العربي الديمقراطي الناصري)، کۆمەڵەی ـ اخوان المسلمین، حیزبی (الغد الحر)، حیزبی مصر الفتاة، حیزبي الخضر، حیزبی الشیوعي، حیزي الامة، حیزبي الدستوری الاجتماعي الحر، حیزبي الاحرار.

## بارودۆخی سیاسی لەمیسر پێش راپەڕینە جەماوەرییەکانی ٢٠١١:

بزوتنەوەی سیاسی لەمیسر لەماوەی دەساڵی رابردوو، بەچەند گۆڕانکاریەکی گرنگ تێپەڕ بووە، پەرەی سەندووەو بۆتە هۆی دروستبوونی چەند بزوتنەوەیەکی نوێ، ئەو بزوتنەوەیە لەمیسر لەماوەی پەرەسەندنیدا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە، دەکرێ بەکورتی باسیان بکەین:[٢٣]

**١. قۆناغی پێش هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی ساڵی ٢٠٠٠:**

لەگەڵ بەرپابوونی راپەڕینی دووەمی فەلەستینیەکان لەساڵی (٢٠٠٠)، شەپۆلێکی نارەزایی‌و خۆپیشاندانی جەماوەری روویدا لەمیسر بۆ پشگیریکردنی ئەو راپەرینە، بەڵام ئەو کاراییەی ئەمنیە توندانەی دەسەڵات بەسەر هێزە سیاسیەکان لەگەڵ ئەو بێ جوڵەییەو کزبونەی چالاکیە سیاسیەکان، کە درێژەی کێشا لەماوەی ساڵانی هەشتاکان‌و نەوەتەکانی سەدەی رابردوو، بووە هۆی ئەوەی کە چەند بزوتنەوەیەکی نوێی گۆڕانخواز پەیدا ببن، کە رەگو ریشەیان بۆ

ساڵانی پێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەل لە (٢٠٠٠) دەگەڕێتەوە.

**٠٢ قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لەساڵی(٢٠٠٠):**

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان کە لەساڵی (٢٠٠٠) ئەنجامدرا، قۆناغێکی گرنگ پێک دێنێ لە ڕێڕەوی پرۆسەی پەرەسەندنی سیاسی لە میسر، ئەو هەڵبژاردنانە کە لەلایەن دادوەرەکانەوە لەبەشێکی بچوکیدا سەرپەرشتی کراوە، ئەنجامەکەی پاشەکشەیەکی سەرسوڕهێنەر بوو بۆ حیزبی دەسەڵاتدار. ئەو ئەنجامانە بوونە هۆی پەیدابوونی چەند ڕەوتێکی بەهێز لەناو خودی حیزبی دەسەڵاتدار، کە داوای چاکسازییان دەکرد، بەڵام هەوڵەکانی چاکسازی بێ سوود بوو، لەبەرئەوەی هیچ گۆڕانێکی ڕاستەقینە لەژیانی حیزب ڕوویندەدا، کە توانای پێ ببەخشێ لە هەڵبژاردنو مانەوەی لەسەر دەسەڵات پشت بەخۆی ببەستێ.

**٠٣ قۆناغی دوای هەمواركردنی مادەی (٧٦) لەدەستور، ئایاری ٢٠٠٥:**

لەئاکامی ئەو گوشارە زۆرانەی دەکرایە سەر ڕژێمی میسر لەدەرەوەو ناوەوە، سەرۆکی میسر (حوسنی موبارەک) لەمانگی شوباتی ٢٠٠٥ دەستپێشخەرییەکی خستە ڕوو، ئەویش هەموارکردنی مادەی (٧٦)ی دەستور بوو. بەپێی ئەو هەموارکردنە شێوازی دیاریکردنی سەرۆک کۆمار گۆڕانی بەسەردا دەهات، لەشێوازی ڕاپرسیەوە بۆ شێوازی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ دیارە ئەم هەنگاوە کارێکی گرنگ بوو لەڕێڕەوی پرۆسەی دیموکراسیەت لەمیسر، پێشوازی گەرمی جەماوەریو سیاسی لێکرا لەسەرەتادا. بەڵام ناوەرۆکی شێوازی هەموارکردنەکە لەمانگی (ئایاری ٢٠٠٥) ئەنجامدرا، ئەو هیوایەی لەسەری بونیاد نرا بوو بۆ پەرەسەندنی دیموکراسیەت لەوڵاتدا، ئەو هیوایەی پوچەڵکردەوە،

لـەو راپرسـیـەی بـۆ ئـەو هەموارکردنـە ئەنجامـدراو زۆربـەی حیزبەکانـی ئۆپۆزسـیۆن بەشـدارییان تێـدا نەکـردو سـاختەکارییەکی زۆر تیایـدا روویـدا، چەندیـن مەرجـی گـران دانرابـوو کـە جێبەجـێ نەدەکـرا بـۆ ئـەو کەسـەی کـە خـۆی بەسـەرۆک کۆمـار هەڵدەبژێرێـت، دیـارە لێـرەدا راسـتی حیزبـی دەسـەڵاتدار دەردەکەوێـت لـە هەوڵەکانـی بـۆ چاکسـازی نیشـتیمانی.

## ئەو هۆکارە بنچینەییانەی رۆڵیان هەبووە لەپێگەیاندنی دۆخە سیاسییەکەی میسر:[٢٤]

١. هەوڵـدان بـۆ بنیاتنانـەوەی کۆمەڵگـەی میسـری، لـەم بـوارەدا چەنـد دیـاردەو گۆڕانێکـی بنچینەیـی رۆڵـی گەورەیـان هەبـووە لـە بوژاندنـەوەو جوڵەپێکردنـی کۆمەڵگـەی میسـری، لەگـەڵ دانانـی بناغـە بـۆ ئـەو بزوتنـەوە سیاسـیانەی سـەریان هەڵـدا لەمـاوەی راپەڕینـە جەماوەرییـە فراوانەکـە. ئـەو دیـاردەو گۆڕانانـەش بریتییـە لـە:

پەرەسـەندنی بزوتنـەوەی مافەکانـی مـرۆڤ کـە لەکۆتایـی هەشـتاکان دەسـتی پێکـرد، راسـتبوونەوەی بزوتنـەوەی سـەندیکاییو پیشـەیی، پەرەسـەندنی خەباتـی مەدەنـیو سیاسـی لەپێنـاو کێشـە نەتەوایەتییـە عەرەبییـەکان، کاریگـەری ئەنجامەکانـی داگیرکردنـی عێـراق لەساڵی ٢٠٠٣.

٢. پەرەسـەندنی گۆڕانکاریـەکان لەنـاو بـەرەی هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆن دوای سـاڵی ٢٠٠٠.

٣. راپەڕینی دادپەروەران بۆ داواکاری سەربەخۆیی دادگاکان.

٤. بوژاندنەوەیەکی گەورە لەناو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

٥. گەشـەکردنو پەرەسـەندنی خۆپیشـاندانە جەمـاوەریو سیاسـیەکان لەپێنـاو چاکسـازی.

٦. تێکچونـی بارودۆخـی ئابـووری‌و کۆمەڵایەتـی، هەروەهـا روخانـی ئاسـتی خزمەتگوزاریـەکان.
٧. کاریگەری رۆژنامەی سەربەخۆو تۆڕی ئەنتەرنێت.
٨. تەشـەنەکردن‌و بڵاوبونـەوەی گەندەڵـی دارایـی‌و کارگێـڕی لەجەسـتەی سیستمدا.
٩. خسـتنەڕووو ئاشـکراکردنی هەڵـس‌و کەوتـە خراپەکانـی رۆژانـەی رژێـم لەسـەر ئاسـتی جیهانـی.

## بزوتنەوە نوێیە گۆڕانخوازەکان لەمیسر:[٢٥]

ژمـارەی ئـەو بزوتنـەوەو رێکخراوانـەی کـە بەشـدارییان لـە راپەڕینـە جەماوەریـەکان کـردووە، زۆرن‌و ئاسـانییە ژماردنیـان، دەکـرێ لێـرەدا نـاوی گرنگترینیـان بێنیـن:
١. بزوتنـەوەی میسـر لەپێنـاو گـۆڕان (کفایـة)، لەمانگـی تەممـوز ٢٠٠٤ دامـەزراوە لەسـەر دەسـتی (٣٠٠) رۆشـنبیرو کەسـایەتی میسـری. ئـەم بزوتنەوەیـە چەنـد رەوتێکـی سیاسـی دەگرێتـە خـۆی وەک: حزبـی (الوسـط) بەسـەرکردایەتی ئەندازیـار ابـو العـلاو الماچـی.
حزبـی (الکرامـة) بەسـەرکردایەتی حمدیـن صبـا، حزبـی (العمـل الاسلامي) بەسـەرکردایەتی مجـدی احمـد حسـین، بزوتنـەوەی (المسـتقلین) کـە زوربەیـان چەپخـوازن، بەسـەرکردایەتی احمـد بهـاو الدیـن.
٢. بزوتنـەوە نوێیەکانـی گۆڕانخـواز: بزوتنـەوەی پزیشـکان، بزوتنـەوەی رۆژنامـەوان، بزوتنـەوەی نوسـەرو هونەرمەنـدان، بزوتنـەوی پارێـزەران، بزوتنـەوەی کرێـکاران، بزوتنـەوەی لاوان.
٣. هەڵمەتی میللی لەپێناو گۆڕان.

٤. گردبونـەوەی نیشـتیمانی لەپێنـاو دیموکراسـیەت، لەحوزەیرانـی/٢٠٠٥ دامـەزراوە بـە سـەرۆکایەتی عزیـز صدقـی.
٥. بـەرەی نیشـتیمانی بـۆ گـۆڕان، لەمانگـی تشـرینی یەکەمـی/ ٢٠٠٥ دامـەزراوە، زیاتـر لـە ١٠حـزبو ڕێکخـراوی سیاسـی لەخـۆ دەگرێـت.
٦. بزوتنەوەی ٩ئایار بۆ سەربەخۆی زانکۆکان.
٧. لـەدەرەوەی میسـر چەندیـن بزوتنـەوەی سیاسـی دامـەزراوە، وەک: بـەرەی رزگاری میسـر (لنـدن)، کۆمەڵـەی میسـر بـۆ دیموکراسـی (لنـدن)، هاوپەیمانـی میسـریو ئەمریکـی.

## هۆیەکانی بەرپابوونی بزوتنەوە جەماوەریەکان :

**یەکەم: هۆیە سیاسیە ناوخۆیەکان[٢٦]:**

ا ـ دروسـتبوونی توێژێکـی گـەورەی چەوسـێنەر، کـە دەسـتی بەسـەر ئابـووری ولاتـدا گرتبـوو، لەنـاو کۆمەڵگـەی میسـری، بـە پاڵپشـتی حزبـی دەسـەڵاتو خـودی رژێـم.

ب ـ هەڵوەشـاندنەوەی دامەزراوەکانـی دوای دوای شۆڕشـی تەمـوز/١٩٥٢، هەروەهـا سـپاردنی ئەرکـی کاروبـاری ناوخـۆ بەدەسـت هێزەکانـی ئاسـایش، سـەرەڕای گەشـەکردنی ململانـێو ناکۆکـی سیاسـی کۆمەڵایەتـی.

ج ـ دوای ڕێککەوتنـی (کامـپ دیڤیـد)، سـەرکردەو بەرپرسـیارانی سیسـتم گـۆڕان بـە کەسـانێک کـە پابەنـدی ڕێککەوتنەکـە بـن.

د ـ پەککەوتنـی ژیانـی سیاسـی ناوخـۆ لەمیسـر، بەهـۆی زنجیـرە هەمـوار کردنێکـی دەسـتورو دەسـتگرتن بەسـەر هۆیەکانـی راگەیانـدن، وروژاندنـی پـرۆژەی پشتاوپشـتکردنی دەسـەڵات.

**دووەم: هۆیە بابەتیەکان:**

١. کارکردن بەیاسای باری نائاسایی (حالة الطواریء) لەساڵی ١٩٨١وە.
٢. هەموارکردنە یەک بەدوای یەکەکانی دەستور کە بووە هۆی خنکانی کاری سیاسی.
٣. پێکهێنانی هێزێکی فراوانی دەزگای ئەمنی، کە ژمارەیان لەیەک ملیۆن کەس تێپەڕ دەکات، بۆ رێگرتن لە هەر کردارێک هەڕەشەی بۆ سەر رژێم هەبێ.
٤. سیاسەتە ئابووریەکانی رژێم، کە دەکرێ ناوی لێ بنرێت (ئابووری قازانج کردن)، ئەو سیاسەتە پشتی بەستبوو بە داهاتەکانی (قناة السویس)و داهاتی نەوتو غاز، سەرەڕای یارمەتیە دەرەکیەکان (صندوقی نێودەوڵەتی) لەگەڵ چالاکیە ئابووریە مۆنۆپۆلەکان.
٥. بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە هەموو دامو دەزگاکانی دەوڵەت.
٦. زۆربوونی جیاوازی چینایەتیو کەمو کورتی کۆمەڵایەتی وەک هەژاریو نەزانی، بەپێی زانیاریەکانی تر لە ٥٠٪ ی گەلی میسر لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

**سێیەم: هۆیە سیاسیە دەرەکیەکان:**

١.پاشکۆیەتی بۆ داواکاریە دەرەکیەکان، بەتایبەتی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەربارەی سیاسەتەکانی میسر لەئاست ناوچەکەو کێشە نێو دەوڵەتیەکان، هەروەها ملکەچی بۆ داواکاریەکانی (صندوقی دارایی نێودەوڵەتی) لەبواری ئابووری ناوخۆ.
٢. وەستانی میسر لە پشتگیریکردنی بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی جیهان.

٣. هەڕەشـە زۆرەكانـی لەسـەر ئاسایشـی نەتەوایەتـی میسـر، وەک (دابەشـكردنی سـودان، دەسـتگرتن بەسـەر سـەرچاوەكانی رووبـاری نیـل، جەنگـی ناوخـۆی صۆمـال) سـەرەڕای گەشـەكردنی ناكۆكیـە تائیفیەكانـی ناوخـۆ.
٤. چڕكردنـەوەی هەڵـەكان لەسـەر تواندنـەوەی ناسـنامەی نیشـتیمانیو نەتەوایەتـی، كـە جەوهـەری پاشـكۆیەتیو ملكەچیـە بـۆ دەرەوە.

## میكانیزمی كاركردنی بزوتنەوە جەماوەریەكان:[٢٧]

١. لەبـواری ئامـادەكاریو ڕێكخسـتن: لـەم بـوارەدا دوو بۆچـوون هەیـە، رەنگـە دژ یـەک نەبـن، ئەوانـەش:
ا. بزوتنـەوە جەماوەریـەكان، بەشـێوەیەكی خۆڕسـكانە بەرپابـوون، دوای كوشـتنی هاوڵاتـی (خالـد سـعید) لەسـەر دەسـتی دەزگا ئەمنیـەكان، دواتـر ئاگـر لەخـۆ بـەردان لەلایـەن چەنـد هاوڵاتیەكـی دیكـە.
ب. ئامـادەكاری بـۆ خـۆ سـازدان لەڕێـگای تـۆڕی ئەنتەرنێـتو بەرنامـەی فەیسـبوكەوە، بـۆ توێـژی لاوان، ئەوانـەی پەیوەندییـان لەگـەڵ یـەک هەبـوو لـەم ڕێگایـەوە.
٢. رۆڵی حزبو دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی:
هـەروەک ئاشـكرایە هێـزە سیاسـیەكانو دامەزراوەكانـی كۆمەڵگـەی مەدەنـی رۆڵـی سـەركردایەتییان نەگێـڕاوە لـەم راپەڕینـە جەماوەریانـە، راسـتە لەگەڵیـدا بـوونو لەدوایـدا رۆڵیـان لەگفتۆكانـدا گێـڕاوە بـە رێكخسـتن لەگـەڵ لیژنەكانـی گەنجـانو لیژنـە میللیـەكان.
٣. بەكارهێنانـی هـۆكارە تەكنەلۆژیـەكانو ئامرازەكانـی پەیوەندیكـردنو راگەیانـدن، لەمـاوەی ململانـێو رووبەروبوونـەوەكان لەگـەڵ هێزەكانـی دەسـەڵات.

٤. رۆڵــی ســوپا: ســوپا رۆڵێکــی ســەرەکی بینــی لەســەرکەوتنی شــۆڕش، ئەویــش بەهــۆی هەڵوێســتی بــێ لایەنــیو تەقەنەکــردن لەخۆپیشــاندەران.

٥. دەرکردنــی بەیاننامــەو ئاگادارییەکانــی لــە ڕێــگای ڕۆژنامــەکان، هەروەهــا بەســتنی کۆنگــرەی ڕۆژنامەگــەری، بــۆ ڕونکردنــەوەی هە ڵو ێســتە کا ن .

٦. شێوازی خۆپیشاندانو مانگرتنو ڕێپێوان.

٧. پەنابــردن بــۆ دادگا، تۆمارکردنــی ســکاڵا لەبەرپرســانو ئەوانــەی ئــازاری خەڵکــی دەدەن.

## خەسڵەتەجیاکارکانی بزوتنەوە جەماوەریەکانی میسر:[٢٨]

دەکــرێ بــاس لەخەســڵەتە بنچینەییەکانــی بزوتنــەوە نوێیــە جەماوەریــەکان بکرێــت لەســەر دوو ئاســت، کــە بریتیــن لــە:

**١. ئاراستەی هزری ناسنامەی سیاسی:**

وتــاری سیاســیو هــزری ئــەم بزوتنەوانــە بــە ئازایەتــیو هەمــە لایەنــی دەناســرێت، خۆیــان بــەداواکاری بچــوک بــۆ چاکســازی خەریــک نەکــردووە، وەک حــزبو هێــزە سیاســیە کۆنــەکان، کــە لەســەری ڕاهاتــوون، بەڵکو ئەوان بۆچونێکــی تــەواو دەخەنــە ڕوو، دەربــارەی دوبــارە پێکهێنانــەوەی بونیــادی سیســتمی سیاســی، لەپێنــاو جێبەجێکردنــی هۆیەکانــی دیموکراســیەت.

**٢. خەسڵەتە ڕێکخراوەییەکان:**

**١. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی:**

بزوتنــەوە نوییــە گوڕانخــوازەکان لــە میســر، لەچەنــد نەوەیــەک پێکدێــن کــە پێشــتر بەشــداری کاری سیاســیان نەکــردووەو شــارەزاییان لەبــواری سیاســی نەبــووە، بــەڵام لەچوارچێوەیــەک لــەو ڕێکخراوانــە جێــگای

لەباریـان پەیداکـردووە. لێـرەدا سـێ تێبینـی بنچینەیـی هەیـە دەربـارەی ئـەم بابەتـە:

- لەکاتێکـدا ئـەم بزوتنـەوە نوێیـە گۆڕانخوازانـە، نـەوەی نوێیـان کۆکردۆتـەوە، بـەڵام چەنـد کەسـانێک لەنـەوەی حەفتـاکان بڕبـڕەی پشـتی ئـەو رێکخـراوە پێکدێنـن، هەروەهـا بەرۆڵـی رابـەرو ئاڕاسـتەکەر هەڵدەسـتن.
- ئـەم بزوتنەوانـە چەنـد نەوەیـەک لەخۆیـان دەگـرن، کـە بەکلتـوری رێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی فێرکـراونو رۆشـنبیرکراون، کاریگـەری بەهێزیـان هەبـووە لەوتـاری سیاسـیو هـزری ئـەو بزوتنەوانـە.
- بزوتنـەوە نوییـە گۆڕانخـوازەکان، چەندیـن کەسـیان لەچینـی ناوەڕاسـتی نـوێ لـە خـۆ گرتـووە، ئـەم نـەوە نوێیـەی ناوەڕاسـت لەکەرتـی تایبەتـی پێگەیشـتووە دور لەدامـەزراوە حکومیـەکان.

**ب. ئینتمای پیشەیی:**

هەنـدێ لـەو بزوتنـەوە نـوێ گۆڕانخوازانـە، دروسـت بـوون بۆئـەوەی ببنـە ئەلتەرناتیـڤ بۆئـەو دامەزراوانـەی دەسـەڵاتی حکومەتیـان بەسـەردایە، وەک: (یەکێتـی کرێکارانـی میسـری ئـازاد) لەجیاتـی (یەکێتـی کرێکارانـی میسـر)ی حکومـی.

**ج. ئەندامیەتی:**

قەبـارەی ئەندامیەتـی لـە بزوتنەوەیەکـەوە بـۆ بزوتنەوەیەکـی دیکـە جیـاوازە، بەپێـی سـنور فراوانـیو بڵاوبونـەوەی هـەر بزوتنەوەیـەک، دەربـارەی ئـەم بابەتـە هیـچ رێنمـایو سـنورێکی بـۆ دانەنـراوە.

### دەستکەوتەکانی بزوتنەوە جەماوەریەکان لەمیسر:[٢٩]

١. دانپیانـــان بەشـــەرعییەتی ئـــەو بزوتنـــەوە جەماوەریانـــە، کـــە بـــوو بـــە شـــۆڕش.
٢. رووخانی کۆڵەکەکانی رژێمو رووخانی سەرۆکی رژێم.
٣. روخانی چالاکییەکانی حزبی دەسەڵاتدار.
٤. بێ لایەن کردنی دەزگا ئەمنیەکانو سوپا.
٥. ئەنجومەنـی بـاڵای هێـزە چەکـدارەکان کاروبـاری وڵاتـی بـە دەسـتەوە گـرت.
٦. هەڵپەساردنی دەستوور.
٧. هەڵوەشـاندنەوەی ئەنجومەنـــی گـــەل (پەرلەمـــان) هەروەهـــا ئەنجومەنـــی شـــورا.
٨. هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری باری نائاسایی لە وڵات.

**سێیەم:**

# لیبیا

**سێیەم:**

## لیبیا(٣٠)

لیبیـا، نـاوە فەرمیەکـەی لەسـەردەمی (معمـر القذافـي) بریتـی بـوو لـە: جەماهیریەتـی عەرەبـی لیبـی میللـی سۆسیالیسـتی.
ئـەم وڵاتـە دەکەوێتـە سـەر کەنـاری دەریـای سـپی ناوەڕاسـت لەباشـوری کیشـووەری[٣٠] ئەفریقیا.رووبەرەکـەی (١, ٥٧٩, ٥٤٠)کـم٢. ژمـارەی دانیشـتوانی بەپێـی ئامـاری سـاڵی (٢٠٠٠) دەگاتـە (٥, ٨٩٥, ٠٠٠) کـەس.
لیبیـا لەکاتـی جەنگـی دووەمـی جیهانـی، بنکەیەکـی سـەربازی ئیتالیـاو ئەڵمانیـا بـوو، لەسـاڵی ١٩٤٣، شـاری (طرابلـس) لەلایـەن بریتانیـاوە داگیرکـراوە.
لەسـەرەتای سـاڵی ١٩٥٢ لیبیـا سـەربەخۆی تـەواوی وەرگرتـووە، (ئیدریسـی یەکـەم) بـوو بەشـای ئـەو وڵاتـە.
لـە ٨/ئەیلوولـی/١٩٦٩، بەهـۆی کودەتایەکـی سـەربازی بـە سـەرکردایەتی عقیـد (معمـر القذافـي) رژێمـی پادشـایەتی گـۆڕا. سـەرکردەی ئـەو وڵاتـە معمـر القذافـي لەسـاڵی ١٩٧٣ بەرنامەیەکـی شۆڕشـگێڕانەی رۆشـنبیری دارِشـت، بەپێـی بیـرو بۆچوونەکانـی خـۆیو لەژێـر نـاوی سۆسیالیسـتی، کەرتـە ئابووریەکانـی ئـەو وڵاتـەی خۆماڵـی کـرد.
ئـەم وڵاتـە لەڕێـگای رێکخـراوە میللیەکانـەوە بەڕێـوە دەچـن، کۆنگـرەی گشـتی میللـی دەسـەڵاتی باڵایـە، کـە تەنیـا حزبـی سیاسـی بـاڵا دەسـتە، رێـگای کارکردنـی فەرمـی پێـدراوە.

**ژیانی سیاسی له لیبیا:**

یەکـەم:ـ لەسـەردەمی حکومڕانـی (معمـر القذافـي) ژیانـی حزبایەتـی لـە لیبیـا ئـەم گۆڕانکاریانـەی بەخۆیـەوە دیـوە.

ا. دامەزراندنـی حزبـی (الاتحـاد العربـي الاشـتراكي) لەسـەر شـێوەی (الاتحـاد العربـی الاشـتراكی[31]) لەمیسـر (سـەردەمی جمـال عبدالناصـر).

ب. دامەزراندنـی لیژنـە میلییەکانـی سـاڵی ١٩٧٣، دوای هەڵوەشـاندنەوەی الاتحـاد العربـي.

ج. کۆنگـرە مللیەکانـی سـاڵی ١٩٧٦، دوای هەڵوەشـاندنەوەی لیژنـە میللیـەکان.

د. لیژنە شۆڕشگێڕیەکانی ساڵی ١٩٧٨.

دووەم: لـەدەرەوەی لیبیـا چەندیـن حـزبو رێکخـراوی سیاسـی دروسـت بـووە، وەک ئۆپۆزسـیۆن کاریـان کـردووە، ئـەو هێـزە سیاسـیانە دەکـرێ دابـەش بکرێنـە سـەر چـوار ئاراسـتەی سیاسـی:

١. هێـزە ناسیۆنالیسـتە عەرەبیـەکان، کـە لـە سـاڵانی حەفتاکانـەوە بونیـان هەبـووە.

٢. هێزە ئیسلامیەکان کە لەدوو ئاڕاستە پێک دێن:

ا. الاخوان المسلمین ب . بزوتنەوە جیهادیە توندڕەوەکان

٣. بزوتنـەوەی پاشـایەتی لایەنگرانـی شـا، (ادریـس السنوسـی) کـە زۆربەیـان لـە وڵاتانـی ئەوروپـا دەژیـن.

٤. هێـزە دیموکراسیە لیبراڵـەکان، کـە لەلایـەن (منصـور الکیخیـا) دامەزراوە، ناوبـراو لەساڵی ١٩٩٣ لەلایـەن دەزگا ئەمنیەکانـی لیبیـا تیـرۆر کـراوە.

لـە چوارچێـوەی ئـەو بۆچـوونو ئاڕاسـتە سیاسـیە جیاوازانـە، لـەدەرەوەی لیبیـا چەنـد رێکخراوێکـی سیاسـی دامـەزراوە، وەک:

بـەرەی نیشـتیمانی بـۆ رزگارکردنــی لیبیـا، هاوپەیمانــی نیشـتیمانی لیبــی، بزوتنــەوەی لیبیـا بــۆ گــۆڕانو چاکســازی، گردبونــەوەی کۆمــاری لەپێنــاو دیموکراســیەت، کۆنگــرەی لیبیـا بــۆ ئەمازیغیــەکان. ســەرەڕای چەنــد بزوتنەوەیەکــی لاوان.

## پانۆرامای رووداوەکانی شۆڕشی لیبیا: (٣٢)

لــە رۆژی ١٧/شــوبات/٢٠١١ بەهــۆی دەســتگیرکردنی پارێــزەر (فتحــی تربــل) لەلایــەن دەزگا ئەمنیەکانــی لیبیــا، چەنــد خۆپیشــاندانێکی جەمــاوەری بەرپـا بــوو لەشــاری (بنغــازی)، داواکاریــەکان ئازادکردنــی ئــەو پارێــزەرە بــوو.

لــەرۆژی ٢٦/شــوبات، خۆپیشــاندانەکان دەســتیان پێکــردەوە بەشــێوەیەکی فراوانتــر، لەشــاری (البیضــاء) وە چەندیــن شــاری دیکــەی لیبیــا، بــەڵام دروشــمەکان گــۆڕانو بــوون بــە رووخاندنــی رژێمــی (معمــر القذافــي)، هەروەهــا نارەزایــیو تورەیــی گەشــەی کــردو بڵاوبــۆوە لەزۆربــەی ناوچەکانــی لیبیــا، دەزگاکانــی ئاسایشــی لیبیـا بەتونــدی رەفتاریــان هەبــوو لەگــەڵ خۆپیشــاندەران.

لــەرۆژی ٢٧/شــوبات، هێزەکانــی ئۆپۆزســیۆن بڕیــاری دامەزراندنــی ئەنجومەنێکیــان لــە ژێــر نــاوی (المجلــس الوطنــي الانتقالــي) لــە کەســایەتیەکانی ئــەم ئەنجومەنــە: مصطفــی عبــد الجلیــل، ســەرۆکی ئەنجومــەن، محمــود جبریــل ســەرۆکی مەکتەبــی جێبەجێکــردن. عبــد الحفیــض عبــد القــادر، وتەبێــژی فەرمــی ئەنجومــەن.

لـەم ئەنجومەنـەدا هەمـوو لایەنـە ناکـۆکو دژەکانـی رژێمـی (معمـر القذافـي) کۆبونـەوە، شـاری (بنغازی)یـان کـردە بنکـەی خۆیـان، دەسـتیان کـرد بـە دەسـتگرتن بەسـەر شـارو شـارۆچکەکانی رۆژهەڵاتـی لیبیـا، هێـزە چەکداریـان پێکهێنـا، شـەڕی تونـد لەنێوانیـان لەگـەڵ هێزەکانـی رژێـم هەڵگیرسـا.

بـۆ پشـتگیریکردنی هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆن، پشـتگیریەکی نێـو دەوڵەتـی گـەورە پێکهـات، لـە وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەوروپـاو پەیمانـی ناتـۆو چەنـد دەوڵەتێکـی عەرەبـی لـە کەنـداو، وەک (سـعودیە، قطـر، امـارات).

هـەر بـۆ پشـتگیریکردنی هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆنو زیاتـر گوشـار خسـتنە سـەر رژێمەکـەی (معمـر القذافـي)، چەنـد بڕیارێـک درا:

١. داواکردنـی (معمـر القذافـي) سـەرۆکی دەوڵـەت لەلایـەن دادگای بـاڵای تاوانەکانـی نێـو دەوڵەتـی بـۆ دادگای کردنـی وەک تاوانبارێـک.

٢. هەڵپەسـاردنی هەمـوو سـەروەتو سـامانی بنەماڵـەی (معمـر القذافـي) لەوڵاتـی دەرەوە، کـە بەچەنـد ملیـار دۆلارێـک مەزەنـدە دەکـرێ.

٣. سـەپاندنی چەندیـن سـزای نێودەوڵەتـی بەسـەر لیبیـا، لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتـووەکان، وەک رێگرتـن لـە چـەک کڕیـنو ناردنـی نـەوت.

٤. سـەپاندنی ناوچـەی دژە فڕیـن، کـە رێـگای لەفڕۆکـە جەنگییەکانـی لیبیـا گـرت کـە هێـرش بکاتـە سـەر ئۆپۆزسیۆن، لەدوایشـدا بەشداریکردنی فرۆکەکانـی پەیمانـی ناتـۆ بـە هێـرش کردنـە سـەر هێزەکانـی قەزافـی.

بـەم جـۆرە دوای چەنـد شـەڕێکی گـەورە لەنێـوان هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆنو لەشـکری قەزافـی کـە چەنـد مانگێکـی خایانـد، لەمێـژووی ٢٨/ئـاب، هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆن دەسـتیان بەسـەر شـاری (طرابلـس) پایتەختـی لیبیـا گـرت، بـەڵام شـەڕ درێـژەی کێشـا لـە شـارەکانی (سـبها، سـرت، بنـی ولیـد، غـات) کـە لەژێـر دەسـتی هێزەکانـی (معمـر القذافـي) مابـوو.

لـە ٢٣/تشـرینی یەکەمـی/٢٠١٧ بـە فەرمـی ئازاکردنـی لیبیـا راگەیەنـرا، لەگـەڵ کوشـتنی سـەرۆک (معمـر القذافـي) پـاش بەدیـل گرتنـی بەبرینـداری.

## ئامانجەکانی شۆڕش لەچەند خاڵێك:[٣٣]

١. دامەزراندنـی سیسـتمێکی دیموکراسـی فرەیـی، بەهۆیـەوە مافـە بنچینەییـە دیموکراسـیەکان بـۆ گەلـی لیبیـا دەسـتەبەر بـکات.
٢. سیسـتمی حکومڕانـی لەسـەر بنەمـای هەڵبـژاردنو جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان دابمەزرێـت، هەروەهـا سـەربەخۆی دادوەری دەسـتەبەر بـکات.
٣. ئاڵو گۆڕکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی دیموکراسیانە.
٤. سیسـتمێکی ئابـوری کۆمەڵایەتـی دادپەروەرانـە، هەمـوو لایـەک سـوود لەسـامانو داهاتـی لیبیـا وەردەگرێـت بەبـێ جیـاوازی.

## خەسڵەتەکانی بزوتنەوەی سیاسی لیبیا:[٣٤]

١. بزوتنـەوەی ئۆپۆزسـیۆن لـە لیبیـا، لەسـەرتاوە بەشـێوەیەکی ئاشـتیانە بەرپـا بـوو، هەمـان هەڵسـوکەوتەکانی بزوتنـەوە جەماوەریەکانـی تونـسو میسـر پەیـڕەو دەکـرد، بەڵکـو بەهـۆی رەفتـاری دەسـەڵات ئـەو شـێوازە گـۆڕا بـەرەو جەنگێکـی راسـتەقینە لەنێـوان ئۆپۆزسـیۆنو دەسـەڵات.
٢. ناوچـەی رۆژهەڵاتـی لیبیـا بەتایبەتـی شـاری (بنغـازي) بنکـەی سـەرەکی ئۆپۆزسـیۆن بـوو، هەربۆیـە بزوتنەوەکـە لـەم شـارەوە سـەری هەڵـدا. ئـەم ناوچەیـە لەسـەرەتای دەسـەڵاتی (معمـر القذاقی)یـەوە بـەرەو رووی

چەوساندنەوەو زۆرداری رژێـم بۆتـەوە.
٣. شۆڕشـگێڕانی لیبیـا، ئـاڵای سـەردەمی پاشـایەتیان بـەکار هێنـا، کـە جیـاواز بـوو لـە ئـاڵای لیبیـا لەسـەردەمی معمرالقذافـي.
٤. ئـەوەی لەتونـسو میسـر روویـدا، لـە راپەڕینـە جەماوەریـە فراوانـەکان، لـە لیبیـا بەهەمـان شـێوە دوبـارە نەبـۆوە، ئەویـش لەبـەر چەنـد هۆیەکـی تایبەتـی بـە بارودۆخـی لیبیـا، دەکـرێ بەچەنـد خاڵێـک کورتـی بکەینــەوە:
ا- پشـتگیریکردنی بەشـێکی گـەورەی سـوپای لیبیـا بـۆ (معمـر القذافـي) ئـەم سـوپایە هەڵوێسـتی بـێ لایەنانـە نەبـوو هـەروەکو لـە میسـرو تونـس روویـدا.
ب- رژێمـی (معمـر القذافـي) بـە رژێمێکـی ئۆلیگارشـی دواکەوتوانـە دادەنرێـت، چونکـە پشـتی بەسـتبوو بـە کەمایەتیـەک لـە بەڕێوەبردنـی دەسـەڵات، کـە پێکهاتبـوو لـە بنەماڵـەی (القذافـي)و چەنـد عەشـیرەتێک، وەک عەشـیرەتی (القذاذفـة) وە عەشـیرەتی (المقارحـة) کـە رۆڵیـان هەبـوو لـە پشـتگیریکردنی رژێـم. ئـەو بارودۆخـە خێڵەکیـە هـاوکار بـوو بـۆ درێـژە پێدانـی دەسـەڵاتی (معمـر القذافـي).
ت- کوڕەکانـی (معمـر القذافـي) دەسـتیان بەسـەر بوارەکانـی ئابـووریو سـتراتیجی وڵاتـدا گرتبـوو، جگـە لەهەنـدێ جومگـەی سـەربازی، هەروەهـا خـودی (معمـر القذافـي) خـۆی سەرپەرشـتی کاروبـاری نـەوتو داهاتەکانـی دەکـرد، کـە بـەکاری دەهێنـا بـۆ بەهێزکردنـی دەزگا ئەمنیـە زەبەلاحەکـەیو لەناوبردنـی هێزەکانـی ئۆپۆزسـیۆنی لیبـی.

چوارەم:

# بەحرەین

**چوارەم:**

## بەحرەین

بەحرەیـن دەکەوێتـە ڕۆژئـاوای کیشـوەری ئاسـیا، کۆمەڵـە دورگەیەکـە، گەورەترینیـان بەحرەینـە، دەکەوێتـە کەنـداوی عەرەبـەوە، وڵاتـی عەرەبـی سعودی لەبـەری ڕۆژئـاواو باشـووریەوە، دراوسـێیەتی، میرنشـینی (قگـر) دەکەوێتـە بـەری باشـووری ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژهەڵاتـی بەحرەیـن. ژمـارەی دانیشـتوانی بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٩٦ دەگاتـە (٥٩٨, ٦٢٥) کـەس، ڕووبەرەکـەی (٥٩٨)کـم٢ دەبـێ.
لـە سـاڵی ١٩٦٨ هێزەکانـی بریتانیـا لەبەحرەیـن کشـایەوە، لـە ١٩٧٧/٨/١٤سـەربەخۆی وەرگـرتو شـێخ (سـلمان آل خلیفـە) بـووە میـری بەحرەیـن. لـە ١٩٧٣ بڕیـار لەسـەر دەسـتووری وڵات درا، لـە سـاڵی ١٩٩١ بەحرەیـن بۆتـە ئەنـدام لەنەتـەوە یەکگرتـووەکان، لـە ١٩٩٩ لەگـەڵ وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا ڕێککەوتننامـەی هـاوکاری هاوبەشـیان مـۆر کـردووە، لـە سـاڵی ٢٠٠٢ ڕژێـم لـە بەحرەیـن لەمیرنشـینەوە گـۆڕرا بۆتـە شانشـین.[٣٥]

## ژیانی حیزبایەتی لە بەحرەین:[٣٦]

ئاڕاسـتە سیاسـیە بنچینەییـەکان لـە ڕەگو ریشـەدا بـۆ چەنـد ڕەوتێـک دەگەڕێنـەوە کـە زۆر بڵاوبۆتـەوە لەجیهانـی عەرەبـی، وەک ڕەوتـی ناسیۆنالیسـتی (ناهـری ـ بعثـي)، هەروەهـا ڕەوتـە ئیسـلامیەکان، وەک: الاخـوان المسـلمین، حیزبـی (الدعـوة) ئیسـلامی شـیعی.

بەپێـی زانیاریـەکان زۆربـەی دانیشـتوانی وڵاتـی بەحریـن لەسـەر ڕێبـازی شـیعەن بـەڵام دەسـەڵاتو کاروبـاری وڵات زیاتـر بەدەسـت (سـوننە)کانە، دیـارە ئەمـەش بۆتـە هـۆی ململانـێو ناڕەزایـی تونـد لـەو وڵاتـە.

لـەو حیـزبو هێـزە سیاسـیانەی کـە ڕۆڵیـان هەبـووە لەسـەر گۆڕەپانـی سیاسـی لەبەحرەیـن، زیاتـر ئـەم حـزبو کۆمەڵـە سیاسـیانەن:

١. کۆمەڵـەی ـ الوێفـاق الوطنـی ـ ئیسـلامی کـە ڕێبـازی شـیعە ـ پیـادە دەکـەن، ئەمینـداری گشـتیان نـاوی ـ علـی سـلمان ـ ە لەسـاڵی ٢٠٠١ دامـەزراوە.

٢. کۆمەڵـەی ـ العمـل الوطنـی الدیموقراطـی ـ هاوپەیمانیەتیەکـە، کۆمەڵـە کەسـانێکی چـەپو سـەربەخۆ کۆدەکاتـەوە، لەسـاڵی ٢٠٠٢دا دامـەزراوە، سـەرکردەی ناسـراویان (عبدالرحمـن نعمـی)ە.

٣. بزوتنـەوەی (احـرار البحریـن)ی ئیسـلامی سـەر بـە ئاڕاسـتەی حیزبـی (الدعـوة) ئیسـلامیە لـە سـاڵی ١٩٨٣ دامـەزراوە لـە دەرەوەی بەحرەیـن.

بـەڵام دوای هەمـووار کردنـە دەسـتوریەکانو هەڵوەشـاندنەوەی دادگاکانـی (امـن الدولـة)و ڕاگەیاندنـی لێبوردنـی گشـتیو ئازادکردنـی بەندکـراوە سیاسـیەکان لەنێـوان سـاڵانی ٢٠٠١ ـ ٢٠٠٤، زیاتـر لـە ١٥ کۆمەڵـەی سیاسـی دامـەزراوە، کـە ڕێـگای کارکردنـی فەرمییـان وەرنەگرتـووە، بـەڵام بوونـە بەبنکـەی کاری سیاسـی لـە بەحرەیـن، هەروەهـا زۆربـەی ئـەو سیاسـیو کەسایەتیو کۆمەڵـە سیاسـیانەی لـە دەرەوەی دروسـت ببـوون، گەڕانـەوە بـەرەو وڵات.

لێرەدا بەکورتـی ئامـاژە بـۆ نـاوی ئـەو هێـزو ڕێکخـراوە سیاسـیانە دەکەیـن کـە ئێسـتا بونیـان هەیـە لەبەحرەیـن:[٣٧]

١. کۆمەڵـەی (المنبـر) نیشـتیمانی ئیسـلامی، سـەر بەهـزری (الاخـوان المسـلمین)ن.

٢. كۆمەڵەی (میثاق العمل الوطنی) دەسەڵات پشتگیری دەكات.
٣. گردبوونەوەی نیشتیمانی دیموكراسی ـ سەر بە رەوتی (بعث)ە.
٤. كۆمەڵەی (الشوری الاسلامیة). ڕێبازی سوننەی میانڕەو.
٥. گردبوونەوەی نیشتیمانی دیموكراسی. ئاڕاستەی چەپە.
٦. كۆمەڵەی (الاصالة الاسلامیة) ئاڕاستەی سەلەفیە.
٧. كۆمەڵەی (الاخاء الوطني) ئاڕاستەی لیبڕالیە.
٨. كۆمەڵەی (المجتمع الوطني الدستوري) ئاڕاستەی لیبڕالیە.
٩. كۆمەڵەی (الفكر الوطني الحر) ئاڕاستەی لیبڕالیە.
١٠. كۆمەڵەی (العمل الاسلامي) ڕێبازی ـ شیعەـ یە.
١١. كۆمەڵەی (الوافاق الوطني) ڕێبازی ـ شیعەـ یە.
١٢. كۆمەڵەی (العدالة والتنمیة) لەكۆمەڵەی (الوفاق) جودا بۆتەوە.
١٣. كۆمەڵەی (العمل الوطني الدیموقراطي) ئاڕاستەی چەپە.
١٤. كۆمەڵەی (المنبر الدیموقراطي التقدمي) ئاڕاستەی چەپە.
١٥. كۆمەڵەی ـ المنتدی ڕێبازی لیبرالیە.
١٦. كۆمەڵەی الرابطة الاسلامیة ڕێبازی ـشیعەـ یە.
١٧. كۆمەڵەی (الوسط العربي الاسلامي الدیموقراطي) رەوتی ناسیۆنالیستی ناصری.
١٨. كۆمەڵەی ـ الرسالة.

## گۆڕانكاریە سیاسیو دیموكراسیەكان لە بەحرەین: [٣٨]

ئەگەرچی ئەزمونی دیموكراسیەت بەرەو رووی كۆسپو تەنگ پێ هەڵچنین هات لەسەرەتاوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆنو هێزە سیاسیەكانی دیكەی بەحرەین لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥ـ ١٩٩٠ درێژەی بە چالاكیەكانی

داوە، لـەو حیزبانـەی رۆڵیـان هەبـووە لـەم بـوارەدا، حیزبـی الدعـوە، بزوتنـەوەی ئازادیخوازانـی بەحرەیـن لەگـەڵ چەنـد بزوتنەوەیەکـی ناسیۆنالیسـتی لیبرالـی دیکـە.
بۆیـە میـری بەحرەیـن بـە مەبەسـتی لەخۆگرتـنو رووبەروبونـەوەی ئۆپۆزسـیۆنو گوشـارە دەرەکیـەکانو ئەنجامەکانـی جەنگـی کەنـداو، بڕیاریـدا بـە دامەزراندنـی ئەنجومەنـی شـورا، بـەڵام ئـەم بڕیـارە هیـچ لـە راسـتیەکانی نەگـۆڕی، بۆیـە لەسـاڵی ١٩٩٤ جارێکـی دیکـە ناڕەزاییـەکان سـەریان هەڵدایـەوە، سـەرەتا خۆپیشـاندانەکان لەلایـەن خەڵکانـی بێـکار بەرپـا بـوو، دواتـر پـەرەی سـەندو کۆمەڵـە سیاسـەتمەدارێک داواکاریـان بـەرز کـردەوەو داوای دوبـارە گەڕانـەوەی دورخـراوەکان، لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی یاسـای (امـن الدولـە) کـرد، بـەڵام ئـەم داواکاریانـە لەلایـەن دەسـەڵاتەوە پشـتگوێخرا. باردۆخەکـە وەک خـۆی مایـەوە تـا ئـاداری١٩٩٩/. لـەو کاتـەدا میـری بەحرەیـن (حمـد بـن عیسـی ال خلیفـە) دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت ناوبـراو کـە ئێسـتا بـە (شـا)ی بەحرەیـن نـاو دەبـرێ، دەستپێشـخەریەکی راگەیانـد بـە مەبەسـتی چاکسـازی سیاسـی لـە وڵات، ئـەو بەرنامەیـەی خسـتە بـەردەم خەڵکـی بـۆ دەنگـدان لەسـەری، کـە رێـژەی لـە ٩٨٪ی دەنگـی لەسـەر درا.
هـەر لەسـاڵی ٢٠٠٠ دەسـتوری بەحرەیـن چەنـد جارێـک هەمـوار کراوەتـەوە، بـە پێـی ئـەو هەموارکردنانـە دەسـەڵاتێکی گـەورەو فـراوان دراوەتـە شـای بەحرەیـن، وەک شـا سـەرکردەی دەوڵـەتو نوێنـەری بـاڵای دەبـێ، پارێـزەری ئایـنو نیشـتیمان دەبـێ، هـەر خۆشـی دەسـەڵاتی دانانـی سـەرۆک وەزیـرانو وەزیـرەکانو پاڵێـوراوەکانو پارێـزگارەکانو دادوەرانو ئەندامانـی ئەنجومەنـی شـوراو ئەندامانـی دادگای دەسـتوریو سـەرکردەکانی سـوپاو ئاسـایشو پاسـەوانی نیشـتیمانی، دەبـێ. هەروەهـا

خـۆی دەسـەڵاتی لادانـی ئەوانـەی هەیـە لەسـەر کار، شـا دەسـەڵاتی پێشـنیاز کردنـی یاسـاکانی هەیـەو دەسـەڵاتی هەموارکردنیانـی دەبـێ، لەگـەڵ مافـی مۆرکردنـی پەیمـانو رێککەوتنـە نێـو دەوڵەتیـەکان بەبـێ رەزامەنـدی پەرلەمـان.

هـەر بـۆ زانیـاری، دەسـتوری نـوێ، پەرلەمـان دابـەش دەکاتـە سـەر دوو بەشـی یەکسـان لـە ژمـارەو لـە دەسـەڵاتدا، ئەنجومەنێکـی نوێنەرانـی هەڵبژێـردراوی راسـتەوخۆ، لەگـەڵ ئەنجومەنـی شـورا، کـە ئەندامانـی لەلایـەن شـاوە دادەنرێـن.

ئەمـەو سـەرەڕای لـە تەممـوز/٢٠٠٢ دەرچـوو، کـە بەپێـی ئـەو یاسـایە پەرلەمـان مافـی نیـە بـاس لـە هەرکارێـک یـان هـەر بڕیارێـک بـکات کـە لەپێـش ١٤/کانوونـی/٢٠٠٢ حکومـەت پێـی هەسـتاوە.

ئـەم کارانـە هەمـووی لەلایـەن هێـزە سیاسـیەکانەوە کتوپـڕو چـاوەڕوان نەکـراو بـوو، بۆیـە هەوڵەکانـی هەمـووی بـەو ئاراسـتەیە بـوو کـە داوای گەڕانـەوەی دەسـتووری سـاڵی ١٩٧٣یـان دەکـرد. هەرچەنـدە لەسـاڵی ٢٠٠٦ هەڵبژاردنـی پەرلەمـان کـرا، بـەڵام ئـەو پەیمانانـەی شـا دەریکردبـوون لەگـەڵ دەسـتوری سـاڵی ٢٠٠٢ کۆسـپێکی گـەورە بـوون لەبـەردەم پەرەسـەندنی ئەزموونـی دیموکراسـیەت.

## رووداوەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠١١: [٣٩]

لـە رۆژی ١٤/شـوباتی/ ٢٠١١ خۆپیشـاندانێکی گـەورە شـەقامەکانی شـاری (منامـة) ی پایتەختـی بەحرەینـی گرتـەوە، دەکـرێ ئـەم رووداوە بەشـێوەیەکی وەک ئـازادی بیـروڕا دەربڕیـن تەماشـا بکـرێ، بـەڵام کوشـتنی یەکێـک لـە خۆپیشـاندەران لـەرۆژی یەکـەم، هەروەهـا کوشـتنی کەسـێکی دیکـە لـەرۆژی دووەم بارودۆخەکـەی لـە ریشـەوە گـۆڕی، بۆیـە مـاوەی زیاتـر لـە

سـێ هەفتـە خۆپیشـاندەران شـەقامەکانو جێـگا سـەرەکییەکانی شـاریان داپۆشـیبوو، لـەم ماوەیـەدا ڕووداوەکان کاری توندوتیـژی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، چەندیـن جێـگای گشـتی تێکـدراو کاولکـرا، دیـارە مەترسـی بەرپرسـان لـە تەشـەنەکردنی ڕووداوەکان، ناچـاری کـردن بڕیـاری بەکارهێنانـی هێـزی (درع الجزیـرە) بـدەن، بۆیـە ئـەو هێـزە لـە ڕۆژی ١٦ئـازار گەیشـتە پایتەختـی بەحرەیـنو بـە هـاوکاری هێـزە ئەمنیـەکان پەلامـاری خۆپیشـاندەران دراو توانیـان تـا ڕادەیـەک بـارو دۆخەکـە کـپ بکەنـەوە، هەروەهـا بڕیـاری بـاری نائاسـایی دەرکـرا. بـەم جـۆرە دەبینیـن بەحرەیـن لەبارێکـی ململانێـی ناکۆکـیو تائفـی کۆمەڵایەتـی دەژی، کـە تـا ئێسـتا یـەکلا نەبۆتـەوە.

## هۆکارەکانی کاریگەر بوونی بەحرەین بەو ڕاپەڕینە جەماوەریانەی لە وڵاتانی بەحرەین سەریان هەڵدا: [٤٠]

١. بوونـی چەندیـن کێشـەو بابەتـی یاسـاییو دەسـتووری سـەرەڕای کێشـەکانی ژیانـی ئابـووری لـە کۆمەڵگـەی بەحرەینـدا: وەک ناکۆکـی دەربـارەی شـەریعەتی دەسـتووری ٢٠٠٢، کەموکورتـی لـە یاسـاکانی هەڵبـژاردن، دەسـەڵاتەکانی پەرلەمانـی هەڵبژێـردراو، کێشـەی زەویو موڵکایەتـی ناوچـە دەریاییـەکان، گەندەڵـی داراییـو کارگێـڕی.
٢. بوونـی چەندیـن کۆمەڵـەو ڕێکخـراوی سیاسـی چـالاک، چالاکیـە جـۆراو جۆرەکانـی ڕاگەیانـدن، ڕۆڵـی مێـژووی سـەندیکاکان، ڕۆڵـی ڕێخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی.
٣. شـەقامێکی سیاسـی بەجـۆش، کـە بـەردەوام بـە ئاسـانی دەوروژێنرێـت بەهـۆی ناکۆکـی تائفـیو کۆمەڵایەتیـەوە.
٤. هەوڵەکانی شا بۆ چاکسازی سیاسی.
٥. بوونی سەدان بەندکراوی سیاسی، کە تا ئێستا دادگای نەکراون.

## سەرچاوەکان


١. عمـرو الشـوبكي ـ الحـركات الاحتجاجيـه فـي الوطـن العربـي ـ مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة ، ط١ سـنة ٢٠١١ بيـروت ص ٣٠.

٢. د . سليمان ابراهيـم العسكري ـ مجلـة العربـي ـ الكويـت ـ العـدد ٦٣١ حزيـران ٢٠١١ ص٨.

٣. د . احمـد طحـان ـ حتميـة التغييـر فـي الشـرق الاوسـط الكبيـر ـ دار المعرفـة ـ بيـروت ـ ط١ ٢٠٠٦ص١٩٥.

٤. حتمية التغيير في شرق الاوسط الكبير ـ سەرچاوەی پێشو ـ ص١٩٥.

٥. احمـد مينسـى ـ حـركات التغييـر الجديـدة فـي الوطـن العربـي ـ مركـز الامـارات للدراسـات والبحـوث الاسـتراتجية. ابوظبـى ط١ ٢٠١٠ ص١٥.

٦. حتمية التغير في شرق الاوسط الكبير، سەرچاوەی پێشو، ص٢١.

٧. حركات التغيير جديدة في الوطن العربي، سەرچاوەی پێشو، ص٩.

٨. عبـد الالـه بلقزيـر ـ الربيـع العربـي .... الـى ايـن ـ مركـز دراسـات الوحـده العربيـه ـ ط١ ٢٠١١ بيـروت ص٣٩.

٩. حـركات التغييـر الجديـده فـي الوطـن العربـي ـ سـەرچاوەی پێشـو. ص١٠.

١٠. د. احمـد ابـو زيـد ـ مجلـة العربـي ـ الكويـت ـ العـدد (٦٣٠) ايـار٢٠١٧/ ص٣٣.

١١. الربيع العربي الى اين ـ سەرچاوەی پێشو ـ ص٥٨.

١٢. حـركات التغييـر الجديـدة فـي الوطـن العربـي ـ سـەرچاوەی پێشـو ـ ص١٤

١٣. د. احمد ابو زيدـ مجلة العربي ـ سەرچاوەی پێشو، ص٣٤.

١٤. د. عبداللـه تركمانـى ـ مجلـة العربـي ـ الكويـت العـدد (٦٣٨) كانـون

الثانــی ٢٠١٢ ص٢٩.
١٥. عەلــی کەنــدی، فەرهەنگــی ڕووداوەکانــی کوردســتان‌و وڵاتانــی جیهــان چاپــی یەکــەم ســاڵی ٢٠٠٥هەولێــر، لاپــەڕە ٣٨١.
١٦. الاحــزاب والحــرکات السیاســیة فــي الوطــن العربــي ـ مهــدی جــرادات ـ دار اســامة للنشــر والتوزیــع ـ عمــان ـ الاردن ـ ٢٠١٠، ص٧٠.
١٧. الربیع العربي الی این ـ سەرچاوەی پێشو ـ ص١٥٠.
١٨. د.الهــادی التمیمــی ـ مجلــة الطریــق ـ العــدد/ ١ الســنه ٧٠ / ٢٠١١ ـ لبنــان، ص٩٩.
١٩. الربیع العربي الی این ـ سەرچاوەی پێشو، ص١٦٠.
٢٠. الربیع العربي الی این ـ سەرچاوەی پێشو، ص١٦٦.
٢١. فەرهەنگــی ڕووداوەکانــی کوردســتان‌و وڵاتانــی جیهــان ـ ســەرچاوەی پێشــو ـ لاپەڕە٣٢٦.
٢٢. الاحــزاب والحــرکات السیاســیة فــي الوطــن العربــي ـ ســەرچاوەی پێشــو، ص٢٥٣.
٢٣. الحرکات الاجتماعیة في الوطن العربي ـ سەرچاوەی پێشوو ص١٩٩.
٢٤. الحــرکات التغییــر الجدیــده فــي الوطــن العربــي ـ ســەرچاوەی پێشــو ص٩٢.
٢٥. الحــرکات الاجتماعیــة فــي الوطــن العربــي ـ ســەرچاوەی پێشــو ـ ص ٢٠٧.
٢٦. عبدالالــه بلقزیــز ـ ریــاح التغییــر فــي الوطــن العربــي ـ مرکــز دراســات الوحــده العربیــه ـ بیــروت ـ ط١ ٢٠١١ ـ ص١٨.
٢٧. ریاح التغییر في الوطن العربي ـ سەرچاوەی پێشو ـ ص١٩.
٢٨ حــرکات التغییــر الجدیــده فــي الوطــن العربــي ـ ســەرچاوەی پێشــو ـ ص١٤٨.

٢٩. رياح التغيير في الوطن العربي ـ سەرچاوەی پێشو ص٢٠
٣٠. فەرهەنگـی رووداوەکانـی کوردسـتانو وڵاتانـی جیهـان، سـەرچاوەی پێشـوو لاپـەڕە ٤١٧.
٣١. الاحـزاب والحـركات السياسـية فـي الوطـن العربـي ـ سـەرچاوەی پێشـوو ص٢٧١.
٣٢. (ويكبيديا ـ الموسوعة الحرة) www. wikipedia. org
٣٣. الربيع العربي الى اين ـ سەرچاوەی پێشو ص٢٧٣
٣٤. الربيع العربي الى اين ـ سەرچاوەی پێشو ص٧٤.
٣٥. مصطفـي ناخـوري ـ الاقطـار والبلـدان، دار المعرفـة ـ بيـروت ـ ط/٢٠٠٣ ص٩٥.
٣٦. الاحـزاب والحـركات السياسـية فـي الوطـن العربـي ـــ سـەرچاوەی پێشـو ص٦٢.
٣٧. الحركات الاجتماعيه في الوطن العربي ـ سەرچاوەی پێشو ص٢٥٤.
٣٨. الحركات الاجتماعيه في الوطن العربي ـ سەرچاوەی پێشو ص٢٥٢.
٣٩. الربيع العربي الى اين ـ سەرچاوەی پێشو ص٣٠٤.
٤٠. الربيع العربي الى اين ـ سەرچاوەی پێشو ص٣٠٥.

سالَی (٢٠١٢ – ٢٠١٣)

| ز | بڵاوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٤٢٩ | ئەركەكانی قۆناغی نوێ لەچاوپێكەوتنێكی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەكردنی: حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | **المشــاريع الــتي قــدمها الاتحــاد الــوطني الكردستاني عام ١٩٨٤** | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | **المحكمــة الجنائيــة العراقيــة العليــا دراســة في مبادىء العدالة** | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | **دور محكمــة العــدل الدوليــة في تطــوير القــانون الدولي العام** | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری كەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | كوردانی سوریا لەژێر دەسەلاَتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆكارۆ و. لەئەلَمانیەوە: هەلَۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئالَوگۆڕە سیاسیەكانو هاوكێشە نوێیەكان | چاوپێكەوتن لەگەلَ هەڤاڵ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەلَبژاردەكان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | **كردستان ككيان ضمن الخطــة الدوليــة بــدءً مــن جنوبها** | **المحامي: شيخ سالار الحفيد** | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕكردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەلَمانییەوە: غسان نعسان و. لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەكان لەمێژووی نەتەوەكەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | كۆچ هەلَبژاردم | ئیسماعیل عوسمـان و ماتیـاس شیلین و حەكیم كاكە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | كێشەكانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموكراســیو دوژمنــانی ئیســلامی میــانڕەو | سردار عبدالكريم مجيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | | |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری، ژمارە (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژوی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشوری سودان، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | **الديمقراطية دراسة فكرية سياسية**، ز. هۆشیاری، ژ(٤٤) | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | **الاكراد والديمقراطية والاندماج**، ز. هۆشیاری، ژ(٤٥) | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا، ز. هۆشیاری، ژ(٤٦) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشیاری، ژ(٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەریو هەڵوستێن تێکەتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرە هۆشیاری، ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عیدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | **توماس هوبزو فلسفته السياسية** | احسان عبدالهادي النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزب و رێکخراوە سیاسییەکان | محمد فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | **المركز القانوني للمواطن وضماناته** | دریڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عیراقو سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیستریۆیکا بن لادنو مۆنیکا | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | دەوڵەتی عوسمانیو عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشور | خالد محمود كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار)، ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە (٤) | وەرگێڕانی: رەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | **الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة** | **نجم الدين فقي عبدالله** | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | **الجماعية في كردستان** | | |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتڵەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | **الدور الأمريكي في بناء الشعوب من المانيا إلى العراق** | **نظيرة اسماعيل ياري** | ٢٠١٢ |
| ٤٦٧ | دەربارەی شێوەی ئاسایی بەرهەم هێنان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید رەسوڵ | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دپلۆمات‌و دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | **الدعائم الأساسية للدولة الفدرالية**، نامیلکەی هۆشیاری، ژ(٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | رۆڵی (ی. ن. ك) لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥١) | ئەنوەر حسین | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیەك بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥٢) | قادر حەمەجان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٤ | **النظم الأنتخابية ونظام انتخاب مجلس المحافظات العراق واقليم كردستان**، نامیلکەی هۆشیاری، ژ(٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردی‌و ئۆپۆزسیۆن، نامیلکەی هۆشیاری (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | **المصالحة الوطنية بين التحدي والتحقيق**، نامیلکەی هۆشیاری(٥٥) | د. اسماعیل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | **الطالباني وجائزة نوبل للسلام**، نامیلکەی هۆشیاری (٥٦) | یوناتا دیوخ موسى | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتایبەتیکردن وەك میتۆدێکی ریفۆرمی ئابوری، نامیلکەی هۆشیاری (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٩ | ئیسلام‌و مۆدێرنێتەی سیاسی، نامیلکەی هۆشیاری(٥٨) | مۆریس بارییە | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات، نامیلکەی هۆشیاری (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٨١ | **ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤** | **مديرية للتدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية** | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدین فقی عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | **دستور جمهورية العراق** | **دلاور عثمان مجيد** | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٨٤ | **التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية** | **محمد صابر كريم** | **٢٠١٢** |
| ٤٨٥ | بنەماکانی زانستە سیاسیەکان | ن: د. عەبدولرەحمان عالم<br>و: دلاوەر عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٨٦ | قەیرانی قەرزە سیادیەکانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٨٧ | گەندەڵی (هۆکار، کاریگەری، بەرەنگاربوونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٨٨ | الفساد والاصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |
| ٤٨٩ | ئەو پرۆژانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤ دا پێشکەشی حکومەتی عیراقی کردووە. | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٠ | کۆسرەت رەسوڵ عەلی لەپەرلەمانی کوردستان (١٩٩٣/٤/١١ ـ ١٩٩٤/١٢/٢٢) | ئامادەکردنی:<br>مەسعودی مەلا هەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٩١ | سەفەری کوردایەتی(بیرەوەرییەکانی شاروشاخ) ١٩٧٤ - ١٩٨٠ | شاخەوان عەباس | ٢٠١٢ |
| ٤٩٢ | کەلتور ـ ژمارە (٧) | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٣ | رەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٩٤ | کۆمەڵگەو دەوڵەت | ن. باقر پرهام | ٢٠١٣ |
| ٤٩٥ | پەیرەو و پرۆگرامی ناوخۆی (ی. ن. ك) بەزمانی ئینگلیزی | و: **نظیره** اسماعیل یاری | ٢٠١٣ |
| ٤٩٦ | کوردو کێشەی نەتەوایەتی لەتورکیا، زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا،ژمارە(٥) | ن. د. لوتفی ئەلعەموشی<br>و. عەتا قەرەداغی | ٢٠١٣ |
| ٤٩٧ | توندرەویی ئایینی لەجیهانێکی گۆڕاودا | ن. ئەلعەفیف ئەلئەخزەرو سەلاح عیساو ....<br>و. حەسەن یاسین | ٢٠١٣ |
| ٤٩٨ | بنەماڵەی بن لادن خێزانێکی عەرەب لەسەدەیەکی ئەمەریکی دا | ن. ستیف کۆڵ<br>و. گروپی وەرگێڕانی سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر | ٢٠١٣ |
| ٤٩٩ | دەوڵەتی عوسمانی لەنێوان چاکسازیو هەڵوەشاندنەوەدا | ن. د. خالد زیادە<br>و. خالد محمود کریم | ٢٠١٣ |
| ٥٠٠ | **محاولات الحصري لوأد الدراسة الكردية سياسة دولة أم نزعة ذاتية؟** | عزیز یاور | ٢٠١٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٠١ | رەهەندەكانی كێشەی دارفور | ن: رێكەوت اسماعیل ابراهیم | ٢٠١٣ |
| ٥٠٢ | كەركوك و سیاسەتی تەعریب | ئامادەكردنو پێشەكی:<br>یوسف محمد بەرزنجی<br>خەلیل عارف جرجیس | ٢٠١٣ |
| ٥٠٣ | گیروگرفتی دەوڵەتی فیدراڵی پێكهاتوو لەدوو یان سێ هەرێم، زنجیرە نامیلكەی ژمارە (٦٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٣ |
| ٥٠٤ | **الرجلان اللذان الحقا الكرد بالعراق، سلسلة هوشياري، عدد (٦١)** | **ديظيد كورون<br>حسن سيدو** | ٢٠١٣ |
| ٥٠٥ | **الشخصية القومية الكردية، دراسة في القيم والسياسة، سلسلة هوشياري، عدد (٦٢)** | **صلاح ابرهيم هورامي** | ٢٠١٣ |
| ٥٠٦ | رێبەری كادیر، ز. هۆشیاری، ژ. (٦٣) | بێستون سابوراوایی | ٢٠١٣ |
| ٥٠٧ | **إعادة توحيد المانيا (مقدماتها وآثارها)، سلسلة هوشياري، عدد (٦٤)** | **إحسان عبدالهادي سلمان** | ٢٠١٣ |
| ٥٠٨ | توركیا: جەنگی ناكام بەرامبەر بەكورد، ز. هۆشیاری، ژ. (٦٥) | رێكەوت اسماعیل ابراهیم | ٢٠١٣ |
| ٥٠٩ | **النازية، دراسة في الفكر السياسي الالماني الحديث والمعاصر** | **م. إحسان عبدالهادي سلمان** | ٢٠١٣ |
| ٥١٠ | تروسكاییەك لەشەوەزەنگدا | ئامادەكردنی:<br>محەمەد مێرگەسوری | ٢٠١٣ |
| ٥١١ | **كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الاوسط** | **فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر** | ٢٠١٣ |
| ٥١٢ | پێشینەو ئێستای دیاردەی پان توركیزم | ن: بەهرام میرئەحمەدیان<br>و: رەفعەت مورادی | ٢٠١٣ |
| ٥١٣ | خەباتی گەلانی ئەفریقیا | سەربەست حسێن | ٢٠١٣ |
| ٥١٤ | **المسألة الالمانية من وحدتها الى اعادة توحيدها** | **احسان عبدالهادي سلمان** | ٢٠١٣ |